# مودێرنەو کۆمەڵگەی کوردی

## سەرنجێك لەئیشکالیەتی بێ قەوارەیی کورد

سەمیر سەلیم

پێشەکی:-

پێدەچێت هیچ مەسەلەیەك لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هێندەی بێقەوارەیی قورسایی نەخستبێتە سەر ژیانی خەڵكو کاریگەری نەبوبێت لەسەر کارلێکە ناوکیەکانی ناو کۆمەڵگا، لەبەرئەوەی قەوارە بۆ خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو نوێنەرایەتی کۆمەڵگا دەکات لەم سۆنگەیەوە بێقەوارەیی دەکەمە ناسنامەی کۆمەڵگاو زایەڵی پەیوەندی کۆمەڵگەی ئێمە بەکۆمەڵگەی رۆژئاوایی لەقۆناغی مۆدێرنەدا.

قسەکردنو لێتوێژینەوە لەسەر ئیشکالیەتو مەسەلەیەکی ئاڵۆزی وەك بێ قەوارەیی کورد کە مێژویەکی دووردرێژی هەیەو چەندین رەهەندی لەیەکجیاوازی لەخۆگرتوە، پێویست بەدیاریکردنی خاڵو پێگەی دەست بەکاربوونو میتودی راڤەکردن هەیە، هەتاکو بتوانین گۆشە نیگاکان دیاری بکەینو سەرەنجام ئەلقە بدیو قۆناغبەندیەکی دروستی برگە مێژووییەکانی کێشەکە بکەین. لێرەوە ساتەوەختی ئاڕاستە وەرگرتنی مۆدیرنە بەرەو کۆمەڵگەی ئیسلامیو پەرینەوەی پرۆژەی دەولەتی هاوچەرخ بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامیم کردۆتە خاڵی دەست بەکاربونو لەم راڤەکردنەدا زیاتر میتۆدێکی شیتالکاری بەکاردەهێنم بۆ خوێندنەوەو تەفکیك کردنی ئەو باکگراوندانەی کەپێم وایە رۆڵێکی بنەڕەتیان گێراوە لەچۆنیەتی ئاڵۆزاندنی مەسەلەکە.

واتە قسەو خوێندنەوەم ئاڕاستەی بونیادەکان کردووە نەك رووداوەکان هەرچەندە رووداوەکانیشم پشت گوێ نەخستوە بەڵکو زیاتر بەسیاقی مێژوویی روداوەکاندا چومەتە خوارەوە هەتاکو بگەم بەچاوگی مەسەلەکان، چونکە ئەگەر بناوانی مەسەلەکەمان پاكو رونکردەوە ئەوا ئاوەڕۆکان کاریگەریو رۆڵیان دیاری دەکرێت، لەم سۆنگەوە بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر بێ دەوڵەتی کورد بکەین، دەخوازێت قسەیەك لەسەر پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ بکەینو زەمەنو هەلومەرجی سەرهەڵدانیو پەرینەوەی بۆ کۆمەڵگەی ئێمە دەست نیشان بکەین، لەم دەست نیشانکردنەدا مەبەستم نەفیکردنی مودێرنەو پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ نییە بەڵکو دیاریکردنی ئاسارە سەلبیەکانیەتی لەسەر چارەنوسمان بەهۆی شێوازی هەڵەی تەبەنیکردنی پرۆژەکە بەهەمان بونیادی مەعریفیو بەو تەلارە فکریو

فەلسەفیەی پێکی‌هێناوە بەبێ رەچاوکردنی جیاوازی ژینگەکان، ئەمەش نەك بێ‌قەوارەمان دەکات بەڵکو چارەنوسیشمان لەرێگەی بەرهەمهێنانی ئەنفال‌و کیمیابارانەوەوە دەخاتە مەترسی‌و چەندینی وەك صدام‌و ئەتا تورك بەرهەم دێنن، هەروەك ستالین‌و هتلرو موسلونی‌و میلوسوفیجی بەرهەم هێنا.

هەرچەندە ئەم ئەرکە زۆر گرانەو لەچوارچێوەی نوسینێکی لەم جۆرەدا ئاسان نی‌یە بەڵام بەمەبەستی زیادکردنی گۆشەنیگایەکی‌تر بۆ خوێندنەوەکان ئەوەندەی پێویست بێت تیشکی دەخەمە سەر.

## سێبەرەکانی مودێرنە

هەر کۆمەڵگاو گەل‌و نەتەوەیەك لەقۆناغی گەشەکردنیدا بەتایبەت لەقۆناغی رزگاری نیشتمانیدا پێویستی بەدورنمایەك هەیە بۆ دیاریکردنی قەبارەو قورسایی روداوو گۆڕانگاری‌و قەیرانەکانی‌و ئاراستەو سروشت‌و جوڵەو پاڵنەرو تەوژمیان دەستنیشان بکات کە دواجار دەرهێنانی شوناسی قەیران و روداوەکان دەکات‌و ئەمانەش پەیوەستن بەروانگەو روئیاو جۆری سیستمی بیرکردنەوەوو ویناکردنمان بۆ روداو کێشەکان. کۆمەڵگای کوردیش ئەمرۆ لەقۆناغی رزگاری نیشتمانیدایەو کێشەیەکی گەورەو لەمێژینەی هەیە، کە کێشەی بێ قەوارەییە، ئەم ئیشکالیەتی بێ‌قەوارەییە زۆر خوێندنەوەی بۆ کراوەو هەر خوێندنەوەی لەدیدگایەك‌و سیستمێکی مەعریفی تایبەتەوە بۆی کراوە کە سەرەنجام جوڵانەوەیەکی بەرهەم هێناوە یان دروستتر بڵێین ئاراستەو سروشتی جوڵانەوەیەکی دیاریکردوە لەرێگەی نەخشاندنی ستراتیژو ئەو لەوباتی جوڵانەوەکەو قوناغبەندی کردنی کاری‌و ئەڵقەبەندی کردنی پێکهاتەکەی، ئیدی لێرەوە دروستی‌و ناردوستی ئاراستەکەی‌و سەرکەوتن‌و شکستی جوڵانەوەکە پەیوەست دەکرێت بەو تیۆرو سیستمە مەعریفیەی کە خوێندنەوەکەی پێ‌کراوەو بوەتە دورنمایەك بۆ دیاری‌کردنی قەبارەو قورسایی‌و پاڵنەرو پێناسی قەیرانەکە، دیارە ئەو تیۆرو فەلسەفەو سیستمە مەعریفیەش جۆرێکی تایبەت لەعەقڵیەت‌و سایکۆلۆژیەت‌و ئیحساسات پێك دەهێنێت، کە ئەمانە رەگەزەکانی سەرکەوتن‌و شکستی جوڵانەوەکانن، واتە شکست‌و سەرکەوتنەکان لەپێش سەرهەڵدانی روداو قەیرانەکانەوەیە، دەگونجێت هەر ئەو پێوەرانەی فەلسەفەیەك پێکی هێناون بۆ خوێندنەوەی روداوێك، قەیرانێك، واقعێك لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەی کۆمەڵگادا شوناسێکی دروستی بەرۆداو قەیرانەکەدا بێت، لەقۆناغێکی تری هەمان کۆمەڵگا یان کۆمەڵگایەکی‌تردا بەهەمان پێوەرو فەلسەفە مامەڵەکردن لەگەڵ روداو و قەیرانەکاندا پێناسێکی هەڵەی روداو قەیرانەکانمان بۆ بکات‌و سەرەنجام ئاراستەی جوڵانەوەو مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکەدا نادروست دەبێت‌و بزافەکە شکست دەخوات هەروەك فەلسەفەی مارکسی ئامرازی سەرکەوتن‌و شکستی پرۆلیتاریا بو، ئێمە کاتێك دەبینین سەرجەم جوڵانەوەکانمان لەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی بێ‌قەوارەیماندا شکست دەخۆن، دەخوازێت بەسەرەتاکانی بزافەکە و روداوەکاندا بچینەوەو دەستنیشانی خاڵی بنەڕەتی

مەسەلەکە بکەین، زۆربەی خوێندنەوەکان خۆمان و مێژومان و پەیوەندیە مێژوییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ دەرەوەی خۆی تۆمەتبار دەکات، واتە پێکهاتەی کەسایەتی تاکی کوردی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاو پێکهاتەکەی و مێژووی کورد کە زۆربەی تێهەڵکێشە بەمێژووی ئیسلامی و وەك ئەزمونی دەسەلات و مێژوی مومارەسەو جۆری پەیوەندی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ دەرەوەی خۆی بەتایبەت کاتێك ئیسلام داڕێژەرەی ئەو پەیوەندیانە بێت، واتە دوایەمین بڕگەکانی پەیوەندی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ دەرەوەی خۆی بەرپرسیار دەکرێت لە قەیرانەکە، دەکرێت هەموو ئەمانە راست بن بەلام ناکرێت بەهۆکارێکی بنەڕەتی یان تاقە هۆکار دابنرێت، بەچاو خشاندن بەنەخشەی ئیستای جیهان و بەتایبەت دەولەتانی ناوچەکە دەردەکەوێت کە چەند نەتەوەی تر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مێژوو پەیوەندیەکانی بەدەرەوەی خۆی زۆر لەنەتەوەی کورد خراپتر بوون و ئێستاش خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆیانن، کەی دروست بونی ئەم قەوارانە رەچاوی ئارەزوو پێکهاتەو مرۆڤ بونی خەڵکی تیاکراوە؟! کاتێك تێزێك دێت و ئەوەمان پێدەڵێت کە ئێمە خۆمانین ئەم قەیرانەمان خولقاندوە؟ بەدیوێکی تردا بەرائەت نامە بۆ خولقێنەرانی پڕ دەکاتەوە! بەتایبەت کاتێك ئەم تێزەش هەڵگری هەمان فەلسەفەی عیلمانی بێت کە چارەنوسی ئێمەی بەئەمڕۆ گەیاندوە.

تەرحی علمانی کاتێك پێمان دەڵێت ئەوە مێژوی ئیسلامی یان خەیاڵگەی ئیسلامیانەی نەتەوەکانی ترە ئەم قەیرانەی بۆ ئێمە خولقاندوە! ئەوا دەیەوێت بەشێوەیەکی ناخوود ئاگایانە روئیاو روانگەی تاکی کوردی بەئاراستەیەکی هەڵەدا بەرێت، هەتاکو نەتوانێت دەستنیشانی زەمەنی قەیرانەکە بکات و بەکام فەلسەفەو بەچ پێوەرێك ئێمە بێ قەوارە کراین و خودی ئەم قەوارانە زەمەنی سەرهەڵدانیان کەیە؟!

من ناڵێم پێکهاتەو مێژوو پەیوەندیمان کەموکوڕیان تیا نیە، بەلام هەموو قورسایەکە ناکەوێتە سەرئەوانە، بەڵکو ئەوانە شتی لاوەکین و دەبێت بەدوای شتە ئەساسیەکاندا بگەڕێین. واتە بونیادی قەیرانەکە چیە؟ و بنەمای سەرهەڵدانی کامەیە؟ لە چ زەمەنێکەوە ئێمە هیچ جۆرو ئاستێکی قەوارەمان نەما؟ دیارە سەرجەم میتۆدو پێوەرەکان بۆ دیاریکردنی دیدگاو جۆری خوێندنەوەکانی بێقەوارەیمان هەڵقوڵاوی ژیاری رۆژئاوان لەقۆناغی مۆدێرنەدا، واتە مۆدێرنە بەسەرجەم فەلسەفەو میتۆدو پێوەرو سیستەمەکانیەوە دەبێتە ئەو دورنمایەی کە قەیرانەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەخوێنێتەوەو شوناسیان دەداتێ. خۆ ئەگەر بەهەناوی مۆدێرنەدا شۆڕببنەوە دەبینین هەڵگری چەندین ئیشکالیەتی فەلسەفی و مەنهەجی گەورەیە، لەم میانەیەدا هابرماسی و ئادۆرنۆو هوسرل رەخنەی توندیان ئاراستە مۆدێرنە کردەوەو ئیشکالیەتەکانیان یەکالا کردۆتەوە، عەقڵ ئامێری و عەقڵ باوەڕی ئەساسی قەیرانی مۆدێرنەیە کە دواجار ئاراستەی هەڵەیان بەمۆدێرنەداوە، چونکە عەقڵباوەڕی و عەقڵئامێری فەلسەفەیان خستۆتە قەیرانەوە کەسەرجەم میتۆدو سیستەم و پێکهاتەکانی لەسەر بونیاد دەنرێت. لێرەوە ئەو ئیشکالیەتەی کەرەگی لەعەقڵباوەڕیدا داکوتاوە، پەل و پۆ دەهاوێت و دەچێتە سەرجەم فەلسەفەو میتۆدو سیستەمەکانەوە، لەم بارەیەوە هوسرل لەووتارێکدا لە ١٩٣٥ لەڤێنا

خوێندیەوە بەناوی (فەلسەفە لەقەیرانی مرۆڤایەتی ئەوروپادا) ووتی (منیش دڵنیام كە قەیرانی ئەوروپا رەگی لەشێوەیەك بڕواهێنانی هەڵەدا هەیە بەعەقڵ بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نی‌یە كە بە بڕوای من عەقڵباوەڕی لەخودی خۆیدا ناپەسەندە، یان لەكۆی بونی مرۆییدا بایەخی كەمی هەیە) (١) دواتر دەڵێت (عەقڵباوەڕی بەپێی مانا رەسەنەكەی خۆی لەفەلسەفەی یونانیدا بریتی بوە لە روناك بونەوەی ئەقڵ لەبەردەم خۆیدا) (٢) كاتێك ئەم حاڵەتە پەل دەهاوێتە ناو مەنهەج و سیستەمو فەلسەفەكانەوە ئیتر تیۆرو پێوەری هەڵەیان لێ‌هەڵدەهێنجرێنێت و دەرەنجامی فكری و كۆمەڵایەتی هەڵەیان لێدەكەوێتەوەو سەرەنجام مۆدێرنە بەئاراستەیەكی هەڵەدا دەچێت، ئەوە ئێستا لەقۆناغی پوست مودێرنەدا بیریارانی رۆژئاوا رەخنەی توند ئاراستەی فەلسەفەو مەنهەج و سیستمەكانی مۆدێرنەو دەرهاویشتەكانیان دەكەن و موراجەعەی دەسكەوتەكانیشی دەكەنەوە هەتاكو بتوانن بەرەو ئاستێكی باڵاتری بەرن و فەلسەفەو پێوەرەكانی دوێنی تێكشێنەری ئەمڕۆو ئایندەیان نەبێت.

ئەگەر ئەمڕۆ علمانیستێك دێت و بەتیۆریەكی مۆدێرنە كۆمەڵگای كوردی دەخوێنێتەوەو جەهەوریێكی پێدەدات و لەڕوانگەی ئەو جەوهەرەوە پرۆژەیەك بۆ چارەسەری بێ‌قەوارەیمان تەرح دەكات، ئەوا لەوكاتەدا قەیران و ئیشكالیەتەكانی رۆژئاوا دەگوازێتەوە بۆ ناو كۆمەڵگای ئێمەو سەرەنجام جوڵانەوەكان یان بەهەڵەدا دەبرێن یان ئیفلیج دەبن، مەرج نی‌یە هەموو كاتێك فۆرمو دامەزراوەكان هەڵقوڵاوی هەناوی كۆمەڵگا بن، بەڵكو جاری وا هەیە سەپێنراوە یان كۆمەڵگا ناوەڕۆك و ماهیەتی ئەو فۆرمو دەزگایی گۆڕیوە، كاتێك قوتابخانە دەكرێتە پێوەرێك بۆ دیاریكردنی جەوهەری مۆدێرنەتی كۆمەڵگای كوردی، ئەوا دەبێت پێش وەخت سەیر بكەین بزانین كەوا سیستمی پەروەردەو خوێندنی قوتابخانە لەكۆمەڵگای كوردیدا هەمان ناوەڕۆك و ماهیەتی قوتابخانەی رۆژئاوای هەیە یان نا؟ یان كاتێك ئەفەندی و مەلا دەبنە پێوەر بۆ دەستنیشانكردنی سیستمی رۆشنبیری مۆدێرنی كۆمەڵگای كوردی ئەوا دەبێت سەرەتا بزانین مەلاو ئەفەندی ئەمڕۆی كۆمەڵگەی كوردی هەڵگری كامە مەعریفەو نوێنەرایەتی چ رۆشنبیریەك دەكەن؟ چاونوقاندن لەئاست ئەم راستیانەدا خۆخەڵەتاندن و بەهەڵەدابردنی جوڵانەوەكەیە! پێم سەیرە (علمانیەك) دێت دان دەنێت بەوەدا كە كەش و هەوای ئێستای كۆمەلگەی كوردی وەك حەفتاكان و هەشتاكان نی‌یەو ئێستا رونشبیری ئیسلامی ئوسولی باڵی كێشاوە بەسەریداو دواتریش دەڵێت جەوهەری كۆمەڵگای ئێمە مۆدێرنە؟! لەكاتێكدا ئیسلامیەكان ئەمڕۆ دەسەڵاتیان نی‌یە هەتا بەزۆرو توێزی نەریت و فكرو مەعریفەی ئیسلامی بەسەر كۆمەڵگادا فەرز بكەن! بگرە هەموو جوڵانەوەو چالاكی و دیاردەیەكی ئیسلامی بەشێوەیەك لەشێوەكان لەلایەن علمانیەكانەوە دەجەنگێنرێت!؟ لەگەڵ هەموو فشارە جۆربەجۆرەكانیشدا تێزی ئیسلامی داوای جەماوەری زۆرتری لەسەرە كە دەلالەتە لەسەر ئیسلامی بونی هەناوی كۆمەڵگای كوردی، كەواتە دیاری‌كردنی جەوهەری كۆمەڵگا لە چ ئاستێكی ژیاندایەو چ شێوازێكی هەیە، تەنها بەئیستقراكردنی دیاردەكان ناكرێت، بەڵكو پێویستە لەناو سیستمە پێكهێنەرەكەی كۆمەڵگاو لەكۆی كەش و هەوا گشتیەكەیدا بەبێ لەیەكتر دابڕاندن بخوێنرێتەوە و پاشان جەوهەرو

وەزیفەی دیاری دەکرێت، کاتێك ڕەوش و مامەڵەی ڕۆژانەی مرۆڤێك دەرخەری هەناوی بێت ئەوا مەرج نی یە هەموو جارێك مرۆڤ لەڕوانگەی ناخیەوە کارئەنجام بدات، دەگونجێت هەندێك جار کاریان سلوکێکی پێئەنجام بدرێت بێئەوەی ناخی هاوتابێت لەگەڵی، کەواتە بۆ دیاریکردنی جەوهەری هەر کۆمەڵگەیەك لەڕوانگەی دیاردەکانەوە پێویستە لەڕوانگەی سیستەمەکانی ناو کۆمەڵگەو کەش و هەوا کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیە گشتیەکەدا بخوێنرێتەوە چونکە کێ دەڵێت مۆمیانەکراوەو لەسەری پێکهاتەی تر هەڵنەچنراوە، ئەگەر سیستمی حزبایەتی سیمایەکی مودێرنە بێت، ئەوا کۆمەڵگەی ئێمە دێت حزب مۆمیادەکات و لەسەری پێکهاتەکانی خۆی بونیاد دەنێتەوە یان بەواتایەکی‌تر حزب بەعەقڵ و فەلسەفەی خێڵ ئیدارەو ئاڕاستە دەکرێت، ئیتر بونی سیستمی حزبایەتی لەکۆمەڵگەی کوردی بەڵگەی جەوهەر مۆدێرنی کۆمەڵگای کوردی نی‌یە؟! بەڵکو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی کۆمەڵگای کوردی ناوەڕۆکێکی تر دەدات بەحزب و حزب خۆی سیما مۆدێرنەکەی لەدەست دەدات، ئیتر هەڵەیەکی ئێجگار گەورەیە بڵێیت لەبەرئەوەی حزب لەکۆمەڵگەی ئێمە بونی هەیە، کەواتە کۆمەڵگەی ئێمە جەوهەرێکی مۆدێرنی هەیە! ئەمە گەڕانە بەدوای پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا کە مەشروعیەتی کارکردن بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەگینا زۆر ئاشکرایە کە پرۆژەی علمانیەت [*] سیمایەکە لەسیماکانی مۆدێنەو ئەزمونی (٧٥) ساڵ لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا.

سەلماندی کە لەگەڵ جەوهەری کۆمەڵگادا وێك نایەتەوەو بگرە پرۆژەکەش خۆی دەچەقێت و مومیا دەکرێت و ناتوانێت تەعەبیر لەناخی کۆمەڵگا بکات و خواستەکانی بهێنێتەدی، بۆیە بۆ پەردەپۆشکردنی مومارەسەو پێکهاتەو سیاسەتە چەوتەکانی پەنا بۆ خەیاڵگەی ئاینی کۆمەڵگا دەبات و بەرگێکی هاوشێوەی خەیاڵگەیانی دەداتێ هەتاکو بتوانێت لەچوارچێوەی سیاسەتەکانیدا بەکاریان بهێنێت و شەرعیەتێك بدات بەسیاسەتەکانی پرۆسەی ئەنفال لەو وێنانەیە کەعلمانیەت شەرعیەتی سیاسەتەکانی تیا دەدۆزێتەوە، یان لەپێناو گەڕان بەدوای شەرعیەتدا لەپاڵ هێزە ئیسلامیەکانی ناو کۆمەڵگادا، علمانیەکان[**] دەچن دەزگای ئایینی دادەمەزرێنن لەناو پێکهاتەکانیان دا بۆ هاوشێوەکردنی خۆیان لەگەڵ جەوهەری ئاینی کۆمەڵگادا، پاشان دەیەوێت حزب دەلیلی جەوهەری مودیرنی کۆمەڵگا بێت!! بەڵام دامەزراوە ئاینی و پیاوە ئاینیەکانی ناو علمانیەکان سەلمێنەری جەوهەری ئیسلامی کۆمەڵگا نین!!

مەسەلەیەکی تر کە دەخوازێت لێرەدا ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لەقۆناغی ڕزگاریدایەو پێویستە جوڵانەوەکەی کار لەسەر ئەو پنتە هێزانەی ناو هەناوی خۆی بکات هەتاکو گەشەیان پێبدرێت و لەئاست ئەرك و ئەزمونەکەی ئێستادابن، هێزی ئاینی لەهەناوی کۆمەڵگەی کوردیدا چەقی پنتە هێزەکانی ترەو دەخوازێت بۆ سازدانی زەمینەیەکی بەهێز بۆ هەڵچنینی ئەزمون و مێژوی نوێ کارێکی جیدی لەسەر ئەم چەقی هێزە بکرێتە هەتاکو بونیادێکی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نوێ ئامادە بکەین بۆ ئەزمونی نوێمان و لەئاست ئەزمونەکانی دەوروبەر بێت، علمانیەتی کوردی دێت لەململانێی ئیسلامیەکاندا دەست دەکات بەزیندوکردنەوەی ئەو فۆرمە ئاینیەی کە توانای لەخۆگرتنی ژیانی نەماوە لەناو کۆمەڵگادا

بەمەبەستی شیواندنی سیمای ئیسلامیەت و لاوازکردنی پێگە کۆمەلایەتیەکەی ئیسلامخوازان بێ ئاگا لەوەی ئەم سیاسەتە بونیادە مەعریفی و کۆمەلایەتیەکەی جولانەوەی کوردی لاواز دەکات و ئیدی پێوەرو تیۆرو سروشتی جولانەوەکە لەئاست ئەرکەکاندا نابێت و سەرەنجام شکست بەرهەم دێت.

بەلام کاتێك تێزی ئیسلامی دێت لەناوکایە ئیانیەکەدا ئیشدەکات و دەیگوازێتەوە بۆ ئاستێکی بالاتر بەمەبەستی ئامادەکردنی جەوهەری کۆمەڵگا بۆ بەرهەمهێنانی نۆرم و پێکهاتەی نوێ بۆ لەخۆگرتنی ئەرك و شێوە ژیانی تازەو پێکەوەنانی ئەزمونێکی تازەو هەنگاونان بەرەو پێکەوەنانی قەوارە، تێزی علمانی دێت هەوڵی نەگۆڕاندنی جەوهەری ئیسلامیە تەقلیدیەکەی کۆمەڵگا دەدات لەڕێگەی دژایەتیکردنی حزبی سیاسی ئیسلامی، چونکە پەڕینەوەی سیستمی حزبایەتی بۆ ناو کلتوری ئیسلامی واتە گۆڕینی جیهانبینی و فەلسەفەی ئیسلامیە کە دەکاتە جەوهەری فەرهەنگ و کۆمەڵگای ئیسلامی بۆ ئاستێکی بالاتر، لێرەوە کاتێك تەرحی ئیسلامی تەبەنی سیستمی حزبایەتی دەکات کە پێشینەیەکی نی‌یە لەکۆمەڵگادا، واتای ئەوەیە لەدیدی ئیسلامیدا شتێك نی‌یە نەگۆڕ بێت ئیتر جەوهەر بێت یان روخسار، چونکە فەلسەفەی ئیسلامی ئەساسی (العالم متغیر) پێکهێنەریەتی، لەبەرئەوەی کۆمەڵگاکانی دونیا لەیەکتر دابڕاو نین و روداو و گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگایەك کاردەکاتە سەر چۆنیەتی کارلیکە ناوەکیەکانی کۆمەڵگایەکی‌ترو شێوازی شێوەگرتنی هێزە ناوخۆیەکانی، هەروەك کات و جۆری پەیوەندیەکانی نێوان کۆمەڵگاکان کاریگەری لەسەر ئالۆیردی مەعریفی و سلوکی نێوانیان هەیە دواتر ناوەڕۆك و روخساریان ئاست و شێوەیەکی تری ژیان لەخۆ دەگرێت. ئیدی لەم سۆنگەیەوە تێزی ئیسلامی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تر لەهەر ئاستێکی ژیاندا بن، بەپێداویستیەکی ژیانی دەزانێت بۆ پەرەپێدانی توانا و ئامادەگی کۆمەڵگاو گۆڕین و گواستنەوەی شێوە ژیانی کۆمەڵگا بۆ ئاستێکی بەرزتر لەڕێگەی سەرلەنوێ شێوەگرتنی و فورمەلەبونی هەناوی کۆمەڵگا لەڕوانگەی ئەو روداو گۆڕانکاریەی کە لەدەوروبەری و لەکۆمەڵگاکانی‌تردا رودەدات، واتە تێزی ئیسلامی قەناعەتی بەلوژیکی گۆڕان هەیە لەژیانی کۆمەڵگادا، دیارە گۆڕانی شێوەو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگا پەیوەستن بەگۆڕانی ناخ و جەوهەری کۆمەڵگاوەو گۆڕانی تاك رەهەندی (واتە تەنها دویی دەرەوەی کۆمەڵگاو تاك) لەدیدی ئیسلامیدا بە (نفاق) ناو زەد کراوەو زۆر بەتوندی رەفز کراوەو ئیتر چ لەسەر ئاستی تاك بێت یان کۆمەڵ، وە گۆڕانی ناخ و جەوهەری کۆمەڵگا گۆڕانی دەرەکی بەدوای خۆیدا دێنێت چونکە ئەمە سونەتێکی ژیانە (ان الله لایغیر مابقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم) (٣) ئیتر شتێك نی‌یە ناوی ترس بێت لەکرانەوە بەسەر غەیری خۆدا لەهەر ئاستێکی ژیان و قۆناغێکی مێژوویدا بێت، لەدەرەنجامی ئەم پەیوەندی‌یە بەرانبەریەی نێوان کۆمەڵگای ئیسلامی و غەیری خۆی کە ئالویردی زانیاری و مەفاهیمی و فەلسەفی و سلوکی لەنێوانیاندا رودەدات، شتێکی زۆر سروشتی و زەروریە بکەونە ژێر کارایی یەکترو فۆرمەلەبونی تازە بەخۆیانەوە ببین و سەرەنجام سیستم و دیاردەو پێکهاتەی کۆمەلایەتی تازەی لێ‌بکەوێتەوە، کاتێك لەدەرەنجامی تەماسی

کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵ مۆدێرنەدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی سیستەم و پێکهاتەی نوێ وەك حزبی سیاسی ئیسلامی ئەوە نیشانەی زیندوی جەوهەری ئیسلامیانەی کۆمەڵگایە هەروەك بەهۆی تەماسی کۆمەڵگای رۆژئاوا لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسلامی تێزە فەلسەفیەکانی (ابن رشدوا ابن سینا و هند) دەگوازرێتەوە بۆ رۆژئاواو بنەمای (العالم متغیر) تیورەی (دیالکتیك) ی لێ پێك دێت و چەندین پرۆژەی وەك (پرۆژەی دەوڵەت) و میتۆدی شیتاڵکاری لەسەر بونیاد دەنرێت، یان بەرهەمە یاسایی و زانستی و پزیشکیەکانی زانایانی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەپەڕێتە ناو کۆمەڵگای رۆژئاوایی دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی دەستورو یاساو پرۆژەکانی مافی مرۆڤ و خەستەخانەو چەندینی‌تر بەڵام لەچوارچێوەیەکی رۆژئاوایدا، ئەم حاڵەتەش واتە کاریگەری ژیاری ئیسلامی لەسەر رۆژئاوا شتێکی نکوڵی لێ‌نەکراوەو خۆیان ئیقرار بەوە دەکەن.

لەم بۆچونانەدا مەبەستم رەفزکردنی مۆدیرنە نی‌یە کە دەبێت مامەڵەی لەگەڵ نەکەین بەڵکو مەبەستمە بڵێم ئێمە خۆمان دەبێت لەئاست ئەو مامەڵەکردنەدا بین و تواناو ئامادەگیەکانمان هاوتا بکەین هەتاکو مامەڵەکردنەکەمان نەبێتە مایەی تێکشکاندنمان و لەباربردنی خەونەکانمان، جەستەو پێکهاتەی کۆمەڵگاکەمان توانای بەرگەکردنتی ئەو کارلێکە ناوەکیانەی هەبێت کە لەهەناوی کۆمەڵگەدا روودەدەن لەدەرەنجامی ئەو مامەڵەکردنەی لەگەڵ مودێرنە، هەروەك دابڕاندن لەمودێرنە دەبێتە مایەی مۆمیا کردنمان لەلایەن مۆدێرنەوەو دواجار فڕێدانمان بۆ دەرەوەی ژیان. لێرەوە ئێمە کاتێك مودێرنە دەکەینە دورنمایەك و خوێندنەوەو دیدگاکانی لەسەر بونیاد دەنێین و جەستەی کۆمەڵگاو جوڵانەوەکەمانی پێ‌دەپکشنین بەمەبەستی دیاریکردنی هۆکارەکانی شکست و سەرەتا نادروستەکانی جوڵانەوەکانمان دەکەوینە هەڵەیەکی گەورەوە، چونکە خودی دورنماکە هەڵگری چەندین ئیشکالیەت و ناکۆکی ناوەکی خۆیەتی، ئیدی سیستمی ویناکردنمان بۆ کێشەکان ئەساس و پێکهاتەیەکی ئیشکالاوی هەیەو لێرەوە ویناکردنمان بۆ کێشەی بێ‌قەوارەیی و دیاریکردنی بونیادو فاکتەرو رەگەزە سەرەکیەکانی هەڵە دەردەچێت، لەم سۆنگەوەیە زۆربەی خوێندنەوەکان بۆ بێ‌قەوارەیی کورد هۆکارەکان پەیوەست دەکەن بەهەندێك فاکتەری ناوخۆی بچوکەوەو دواجار جوڵانەوەی کوردی دەخەنە حساباتی هەڵەوە لەقوناغبەندی‌کردنی خەبات و دیاریکردنی ئەو لەویات و ستراتیژو جۆرەکانی خەبات، لەم روانگەوەیە شکست و بێ سەرەنجامی شۆڕشەکان پەیوەست دەکەم بەخوێندنەوەکان و دورنمای پێك هێنانیانەوە. هەتا ئێستا مۆدێرنەو پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ زۆر بەکەمی بەرپرسیار کراوە لەبێ‌قەوارەیی کورد، ئەگەر سەیری مێژوی کوردیش بکەین لەساتەوەختی پەخش بونی مودێرنە بۆ دەرەوەی خۆی و لەژێر سێبەری مۆدێرنەدا میرنشین و دەسەڵاتە لوکاڵە کوردیەکان دەڕوخێنرێن و لەناودەبرێن، کاتێك پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ تەرح دەکرێتە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی نەك قەوارەیی کوردیە لوکاڵەکان نامێنن بەڵکو کوردبونیشی دەکەوێتە بەر مەترسیەکی گەورەو جومگەکانی کۆمەڵگەی کوردی لێك دەترازێنرێن، سەرەتا یەکپارچەیی نامێنێت و دابەشدەکرێت بەسەر چەند دەوڵەتێکدا، دواتر ئەم دابەش بونە دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی زهنی و ستراتیژی تاك و کۆمەڵگەی کوردی و پاشان دروست بونی سایکۆلۆژیەتێکی تازە بۆ تاك و کۆمەڵگەی کوردی لەهەر یەك لەپارچەکاندا

بەشێوەیەکی تایبەت، واتە کۆمەڵگەی کوردی لەژێر سێبەرەکانی مودێرنەدا یەك فەرهەنگی، یەك پارچەیی، یەك ئامانجی لەدەست دەدات و بیرکردنەوەو ویناکردن و جوڵانەوەکانی لەناو هاوکێشە دژ بەیەکەکاندا کەمودێرنە پێکەوەی ناون ئاڕاستەیان پەرتەوازەو دژ بەیەك دەبن، وەك ئەو حاڵەتەی ئەمڕۆ لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان دەیبینین لەسەرجەم پارچەکانی کوردستاندا، نەك لەناو چوار پارچەکەدا بەڵکو لەناو یەك پارچەشدا لەژێر کارایی ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەکانی مۆدێرنەدا جوڵانەوەکەمان پارچە پارچە دەبێت بەهۆی جیاوازی ستراتیژو ئەو لەو یاتیانەوە(***). کاتێك پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ لەشێوە گرتنە سەرمایەدارانەکەی و لەناو مەودایەکی ئیمپریالیزەیدا تەرح دەکرێتە کۆمەڵگای ئێمە نەك قەوارەمان بەڵکو چارەنوسیشمان دەکەوێتە بەر مەترسیەکی گەورە، بۆیە دەخوازێت ئاڕاستەیەکی دی بدەین بەخوێندنەوەکان، واتە سەرجەم ئەو فەلسەفەو تێزو باکگراوندانەی جۆری خوێندنەوەکەی بۆ پێك هێناوین و بوەتە دورنمای دیاریکەری روانگەمان بگۆڕین و ئەو پیرۆزی و رەهایەیان لەبەر داماڵین و چیتر گیرۆدەی ویناکردن و ئاڕاستەی هەڵەی وان نەبین و هەواڵەکانمان بێئەنجام و شکست خواردو نەبێت، گۆڕینی خوێندنەوەکەمان روئیامان روشنتر دەکات و ئاسۆی بینینمان فراوانرت، هەروەك پێویستە لەسێبەرەکانی مودێرنە قوتارمان بێت لەدیاریکردنی جۆری خوێندنەوەکانمان بەهەمان شێوەش پێویستە سێبەرەکانی مێژوو ترادیسیۆنی ئیسلامی سنوردار بکرێت و موراجەعەیەکی جدیتری تیا بکرێت، هەتاکو بتوانین بەهەموو روانگەو سیستمەکانەوە زەمینەیەك بۆ پێکەوەنانی قەوارەیەك بۆ نەتەوەکەمان پێك بهێنین بەتایەبت لەسەردەمی عەولەمەدا کەسەرجەم فەلسەفەو پێکهاتەو دامەزراوەو میکانیزمەکان خراونەتە ژێر پرسیاری جدیەوە بەپرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخیشەوە، لەکاتێکدا کە پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ ئاست و ئەساس و بنەماو پێکهاتەی دەخرێتە ژێر پرسیاری جدیەوە ئەگەرەکانی پێکەوەنانی قەوارەیەك بۆ نەتەوەکەمان زیاتر دەبن و ئاسۆی دواڕۆژیشمان روناکتر. دونیای عەولەمەو پوست - مودێرنە لەهەوڵی رزگارکردنی کۆمەڵگەی رۆژئاواییین لەکاریگەرە سەلبیەکانی مودێرنە بەفەلسەفەو پێکهاتەو دامەزراوەکانیەوە، راستە سنوردارکردنی یان تێپەڕاندنی کاریگەرە نێگەتیڤەکانی مودێرنیە پێویستی بەعەقڵێکی گەورەی (بان - مودێرنە) هەیە، بەڵام گرنگە بپرسین عەقڵی (بان - مودێرنە) کامەیە، ئەوەیە واز لەمێژوو کلتوری بهێنێت؟ ئەگەر وا بوایە دەبوو یابانیەکان نەیانتوانیایە سنورو فەلسەفەی مودێرنە ببەزن و ململانێ لەگەڵ رۆژئاوای پۆست - مودێرندا بکەن یان هندرۆس و بوزیەك شوێنگەیان لەدونیادا نەبوایە. لەکۆی ئەم بۆچونانەدا مەبەستم نادیدە نەگرتنی ئیجابیاتەکانی مودێرنەو پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ نیە، بەڵکو پێم وایە ئەگەر پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ بەشێوەگرتنێکی سەرمایەدارانەو لەناو مەودایەکی ئیمپریالیزمیدا تەرح نەکرایە ناو کۆمەڵگەی ئێمە ئەوا دەسکەوتی گەورەی بۆ گەل و نەتەوەکان بەشێوەیەکی عادلانە دەبوو نەك لەسەر حسابی نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی تر بەئازادی بژی، دەسکەوتی گەلانیتر بەلەناوبردنی گەلی کوردبێت.

پێشم وایە مودێرنە ئاسارەکانی خۆی لەسەر تێزی ئیسلامی جێدەهێڵێت لەسەر چۆنیەتی فورمەلە بون و بەرزکردنەوەی ئاست و روانگەو خوێندنەوەی بۆ مەسەلەکان. ئەوە مۆدێرنە نی یە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە بەڵکو سێبەرەکانیەتی، جا ئەگەر مودێرنە لەژینگەی سەرهەڵدانیدا ئەو هەموو ئیشکالیەت و کەلێن و بۆشایەی تیابێت کە ئەمڕۆ بیریارانی رۆژئاوا قسەی لەسەر دەکەن، دەبێت رەنگدانەوەی ئەو کەلێن و بوشایی و ئیشکالیەتانە لەڕوی قەبارەوە لەسێبەرەکانیدا لەسەر کۆمەڵگەی ئێمە چەند بێ؟.

## *مۆدێرنیزم و پرۆژەی دەوڵەت

دیارە پرۆژەی دەوڵەت بەم شێوازەی ئیستای لەڕوی پێکهاتەو فۆرمەوە زادەی مودێرنەیە جا بۆ دیاریکردنی شوێنگەی گەلی کورد لەناو ئەم پرۆژەیەدا (بێگومان بێقەوارەیی واتە نەبونی شوێنگە) پێویستە بەهەناوی پرۆژەکەدا شۆڕبینەوەو بچینە خوارێ هەتاکو لێتویژنەوە یەك لەسەر بنەماو ئەساس و پێکهاتن و فۆرمەلە بونی بکەین. بۆ ئەوەی بتوانین دەستنیشانی هەندێك لەهۆکارەکانی بێقەوارەیی کورد بکەین و بزانین ئایا مەبەست و بەهاو ئامانجی ئێمەی کورد لەگەڵ ئەم پرۆژەیە یەك دەگرێتەوە؟ یان بەواتایەکی‌تر ئایا پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەر ئەساسی بەهاو مەبەستە مرۆیەکان هەڵچنراوە؟ هەتاکو هەموو مرۆڤێك بتوانیت بیکاتە دورنمای خۆی و ئاڕاستەو سروشتی جوڵانەوەکانی لێوە دیاری بکات، یان کۆمەڵە مەبەست و بەهایەکی‌تر لەپشتیەوە ئامادەن؟ چونکە هیچ پرۆژەو پێکهاتەیەك لەخۆیەوەو بەخۆڕایی پێك نایەت و لەناوەڕۆکیدا ئامانجێك یان ویستێك یان کۆمەڵە بەهاو بەرژەوەندیەك بەرجەستە دەکات، واتە کاتێك توانیمان پاساوی پێك هێنانی پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ دیاری بکەین و کەش و هەواو هەل‌ومەرج و کات و شوێنی فۆرمەلەبونەکەی دەستنیشان بکەین، ئەوا دەتوانین رادەی ئامادەیی ئامانج و مەبەستی تاك و کۆمەڵگەی کوردی بدۆزینەوە، ئەمەش دەخوازێت بچینە ناو کۆمەڵگای رۆژئاوایی لەساتەوەختی سەرهەڵدانی پرۆژەکە بدوێین و بزانین ئەم پرۆژەیە دەرهاویشتەی چ هەل‌ومەرج و بونیادو سیستەمێکە، چونکە هەموو پرۆژەیەك ئیسلامی بێت یان غەیرە ئیسلامی مەحکومە بەو هەل‌ومەرج و بونیادو سیستەم و ئاڕاستەو ژیانەی کۆمەڵگاکە تیایدا سەرهەڵدەداو فۆرمەلە دەبێت. دیارە پاساوی بونی پرۆژەی دەوڵەت رەنگدانەوەی پێداویستیە مادی و مەعنەویەکانی دانیشتوانی ئەو شوێنەیە لەو قۆناغە مێژویەدا، ئیتر دەگونجێت لەقۆناغەکانی تردا پێداویستیەکانی خەڵکی ئئاستیان بگۆڕێت و بالا بکەن ، یان جۆری پێداویستیەکانی خەڵکی گۆڕانی بەسەردا بێت، دەشێت هەندێك جار پێداویستیە مادیەکان رەنگدانەوەی فەلسەفەیەکی سیاسی‌یان کۆمەڵایەتی بێت، هەروەك دەگونجێت فەلسەفە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئەساسی پێداویستیە مادیەکان فۆرمەلە بوبن، هەرکام لەو رەنگدانەوەو شێوە فۆرمەلە بونە سروشت و ئاڕاستەیەکی تایبەت دەدات بەپرۆژەکان. لێرەوە سروشت و ئاڕاستە جوڵەی پرۆژەی دەوڵەت پەیوەستە بەپێداویستی و ئاواتی تاکی رۆژئاوایی و ئەو فەلسەفانەی لەسەری بونیاد نراوە. بۆ دەرکەوتنی ئەمانەش دەخوازێت سەربوردێکی خێرا بەو قۆناغە مێژویەی کۆمەڵگای رۆژئاواییدا بکەین، تاکی

ڕۆژئـاوایی بـەهۆی کاریگـەری ڕێنومایـەکانی کلیسـاو بەکارهێنانـەکانی بورژواکـاندا لـەناو دوالیزمـەی (مێـژوو – نـا مێـژوو) دا دەژیـا، هەسـتی نـەدەکرد ئـەم لـەژیاندا خـاوەنی ئـیرادەو بیرکردنەوەی خۆیەتیو بکەرێکی کارای کۆمەڵایەتیەو دەتوانێت لەڕێگەی کردارەکانیەوە ڕەوتی مێژو بگۆڕێت، تاکی ڕۆژئاوایی تاکێکی بێهەستو هۆش بوو، کلیسا هەست بەخۆکردنی تیا نەهێشتبوو هۆی کاریگەری سەختی کلیساش لەسەر تاکی ڕۆژئاوایی جیاوازی زمانی کلیساو خەلکی بوو، زمانی کلیسا زمانی لاتینیبو کە تەنها نوخبـەی ئاینیو ڕۆشـنبیران قسـەیان پێدەکرد، لەڕێگەی زمانیشەوە شتەکانو پەیوەندیەکان دەلالەتو واتایان دەدرێتێو لەمەغزای ڕوداو گۆڕانکاریـەکان دەگـەین، واتە ئـەوە کلیسایە تەفسیری بونـەوەرو شتەکان دەکـاتو واتـا دەدات بەژیان، کلیساش میتا تەفسیری شتەکانی دەکردو ئیدی تارایەکی ئەفسانەییو خورافی کرا بە بەر بونـەوەرو ژیـاندا، لـەم تەفسیرو لێکدانەوەیـەدا عـەقڵ شوێنگەیەکی نـەبوو کـە دەبێتـە مایەی دەستەمۆبونی ئیرادە لەبەردەم ژیاندا. ئەزمونی ئاینی مەسیحی کە لەکلیسادا بەرجەستە دەبـوو، بوبـوە بـاڵاترین ئاسـتی ژیـانو سـەقفێکی بەسـەر خەڵکیـەوە دروسـت کردبـوو کـەس نەیدەتوانی ئەو ئەزمونە تێپەڕێنێتو لەدەرەوەی ئەو ئەزمونەدا واتایـەكو ئاستێکی نوێ بـدات بـەژیانو هەرکەسێك لـەدەرەوەی ئـەو سیستمە مەعریفەی کەنیسە تەفسیری ژیـانو بونـەوەری بکردایـە ئـەوا بـەر سـزای کلیسـا دەکـەوتو لـەم میانەشـدا چـەندینی وەك (گـالیۆ) بـەر ئـەو سـزایەکەوتن، ئەمـە لـەکاتێکدا خـودی ئـاین هـاتوە بۆروخـاندنی سـەرجەم ئـەو بەربەسـتو سـەقفانەی کـەناهێڵن مـرۆڤ بـەرەو جیـهانی مەلـەکوتو کـەماڵ بـڕوات، ئـاین هـاتوە بۆئـەوەی زەمینە بێت بۆچونی مرۆڤایەتی بەرەو بەرزترین ئاستەکانی مرۆڤ بوونو گەیشتن بەمەلـەکوت، نـاکرێت مرۆڤـەکان بـەناوی خزمـەتی ئاینـەوە ئـاین بکەنـە حەسـارو مرۆڤایـەتی لەئاسـتێکی دیاریکراودا تێپەستێنن، ئاین هاتوە هـەتاکو مرۆڤـەکان بەرێتـەوە دەرەوەی (کـات – شـوێن) و قسە لەمەسەلەکان بکات، واتە تێکشکاندنی بەربەستی (کات – شوێـن) بۆ عـەقڵو فراوانکردنی فەزای جوڵـەیـەتی نـەك لـەقاڵبدانی، ئیتر کـاتێك بـەپێی ئـەزمونو زانیـاریو ڕوشـنبیری (کـات – شـوێن)ی لەیـەکجیاوازو گـوزەراو تەفسـیری ڕوداوو گۆڕانکاریـەکانی ئیسـتا دەکـەین، ئـەوا ویناکردنێکی ناواقعی (ئەفسانەی) ڕوداوو گۆڕانکاریەکان دەکەرێتو سەرەنجام لەدەست دانی هەست بەخۆکردنی مرۆڤەکانو دابڕاندنیان لەمێژوو فەراهەم دێت. لەپاڵ پەستاندنی کلیسـادا مرۆڤەکان لەهەموو مانایەکی مرۆڤ بون دادەچۆڕینو دەچێتـە نـاو ئـەو فەزا کۆمەڵایەتیەی کە لەسـەر یاسـاو ڕیسـاو سیسـمی بەرهەمـهێنانی سـەرمایەدارو بورژواوەکـان بونیـاد نـراوە. واتـە سەرمایەدارەکان سودمەندێکی گەوەری ئەوا واقعە نامرۆڤانەیە دەبنو خـەڵکی تۆزێك لـەدونیاو بژێویـان لای سـەرمایەدارەکان دەست دەکـەوێت کـە کلیسـا بـەناوی خـواو قیامـەتو پـاکێتیو پاکبونـەوە لـەتاوانو زوهـد ئەوتۆزەشـی لـێحەرام کردبـوون، بورژواکـانیش بـەهۆی ئـەو سنوربەندیەی کلیسـا کردبـوی لەکۆمـەڵگای ڕۆژئـاواییدا ڕوبـەری بەرهەمهـێنانو ڕێـڕەوی ئـالویری بازرگـانیو سـەرمایەیان سـنورداربوو لـەململانێکی سـەختدا بـون لەگـەڵ کلیسـا بەمەبەستی فراوانکردنی ڕوبەرو ئاستی بەرهەمهێنانو ئاڵوگڕی بازرگانیو سەرمایەیان.

لەم ساتەوەختەدا دوو دەروازەی گەورە لەتاکی رۆژئاوایی دەکرێنەوە، یەکەمیان داهێنانی دەزگای چاپەمەنی بوو کە زمانە لوکاڵەکانی لەبازنە داخراوەکانەوە بردە دەرەوە، گەشەکردنی زمان زمانی لاتینی بەرەو پەراوێز برد و سەرەنجام روداوو پەیوەندیو شتەکان دەلالەتو واتای تریان وەرگرت، داهێنانی چاپەمەنی زمانی نەتەوەکانی یەکخست لەرۆژئاوا، کە ئەمەش بوە مایەی فراوان بونی پانتایەکانی بەکارهێنانی زمان لەئاکامدا هەست بەخۆکردنو هۆشمەندی تاکی رۆژئاوایی زیادکرد، دیارە گەشەکردنی ئاستی هەست بەخۆکردنی تاکو کۆمەڵگای رۆژئاوا عەقڵیەتو نەفسیەتو هۆشیاری تاکو کۆمەڵگای بەرەو ئاستە بالاکان بردو بەهۆیانەوە ئاستی ژیانی کۆمەڵگاش گۆڕا، لەئەنجامی یەکخستنو گەشەکردنو فراوانبونی روبەرەکانی بەکارهێنانی زمانو کارلێکە ناوخۆیەکانیو گۆڕانکاری و روداوەکانی کۆمەڵگای رۆژئاوایی شێوەگرتنێکی بەم هەست بەخۆکردنە دەداتو بیرو بزاڤی ناسیونالیزمی لەدایك دەبێت، گۆڕانکاریو روداوەکانی ناو کۆمەڵگا سروشتێکی فەردانیو بۆرجوازیانەی هەبوو، چونکە بۆرجوازەکان لەململانێتیاندا لەگەڵ کلیسا بەمبەستی فراوانکردنی سنورو روبەری بەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕی سەرمایەو بازرگانی تاکی رۆژئاواییان دژی بۆچونو دەسەڵاتەکانی کلیسا هاندەداو دواجار ئەوجۆرە سروشتو شێوە گرتنە دەدات بە جوڵانەوەو هەست بەخۆکردنەکە. ئەوەی رێخۆشکەر بوو بۆ سەرهەڵدانو سازاندنی ئەم کەشو هەواو حاڵەتە هەوڵەکانی (مارتن لوثر) بوو لەگۆڕینی سیستمی ئاینی رۆژئاوا، مارتن لوثر وانەبیژی (دراساتی ئنجیلی) بوو لەزانکۆی (فیتشنبرگ) لەئەڵمانیان لەهەوڵی سنوردارکردنی پیرۆزیەکاندا بوو بەتایبەت ئەو هەڵوێستە چەوتانەی کە بەناوی پیرۆزیەوە خەڵکیان دەچەوساندەوەو (لا قداسة الا للنص) کردبووە دروشمو ستراتیژی ئیشکردنی لەبوارو سیستمی ئاینیدا بەمەبەستی گەیشتن بەچاوانە پاکەکەی مەسیحیەتو لادانی سەرجەم ئەو شەرحو تەفسیرانەی کەنیسە کردویەتی، دوای ئەو هەوڵ ئیشکردنانە بۆی دەرکەوت حەواریەکان یەك پەراویان لە (مەسیح) ەوە بەدەست نەگەیشتوەو بەڵکو (بولس)ش کە لوثر ویستی حەقیقەت دینی لێوەرگرێت، (مەسیح) ی نەبینیوەو راستەوخۆش هیچی لێنەبیستوە (٤) ئیدی لێرەوە دەرکەوت شتێك نیيە ناوی دەقی پیرۆز بێت لەناو ئاینی مەسیحیدا، ئەمەش بوە مایەی رامالینی پیرۆزی لەسەر تێکەیشتن و هەڵوێستەکانی کلیساداو وردە وردە هەژمونی کلێسا روی لەکەمیو پاشەکشە کرد، هەوڵەکانی لوثر ئەو بونیادو چەقە ئاینیەی کە سەرجەم سیستمو پێکهاتەو تێگەیشتنەکانی لەسەر هەڵچنرابوو هەڵتەکاندو هەموو سنوربەندیو ئەڵقە بەندیەکانی کلیسا کە لەکۆمەڵگای رۆژئاواییدا کردونی دەپسێنو لێك دەترازینو سەرمایەداران هەڵیفراوانکردنی سنورو روبەری بەرهەمهێنانو دابینکردنی بازاڕو رێرەوی ئاڵوگۆڕی بازرگانیو سەرمایەیان بۆ هەڵکەوت لەسەر ئەساسی ئەو هەستە ناسیونالیزمیەی کەسەراپای کۆمەڵگای رۆژئاوای داپۆشیبوو، لەم سونگەیەوە سەرمایەداری دەبێتە چەقی پرۆژەو ئەزمونی نوێی رۆژئاوا کە لەسەر ئەساسی ناسیونالیزمو لەدەرەوەی کایە ئاینیەکە هەڵدەچنرێت، ئیدی ئەزمونی نوێ سروشتێکی عەقلانی و شێوەگرتنێکی

سەرمایەدارانەی دەبێت. گرنگترین پرۆژەیەکیش لەم دەرئەنجامەدا پێك دێت پرۆژەی دەوڵەتە دەوڵەتە دەبێتە ئەو چوارچێوەو ئامرازەی کە زەمینەی گەشەکردنی سەرمایەسازو دابین دەکات، واتە سروشتو خەسڵەتو سیمای مودێرنە دەگوازرێتەوە بۆ پرۆژەی دەوڵەت، بگرە مودێرنە سەرجەم تایبەتمەندیەکانی خۆی لەپرۆژەی دەوڵەتدا چڕ کردۆتەوە بەشێوەیەك مرۆڤ ناتوانێت لەدەرەوەی پرۆژەی دەوڵەت وێنای مۆدێرنە بکات، بۆیە کاتێك قسە لەسەر دەوڵەتی هاوچەرخ دەکرێت راستەوخۆ دەبەسەترێتەوە بەمۆدێرنەوە. پرۆژەی دەوڵەت کە لەو هەلومەرجە مێژوییەیە دژوارەدا فۆرمەلە دەبێت سیماو سروشتی گۆڕانکاریەکانی ئەو سەردەمە دەبێتە بەشێك لەپێکهاتەکەی، دیارە هەموو گۆڕانکاریەکیش سەرەتاکەی بێکەمو کورتی نابێت و ئەم کەمو کورتیانەش کاتێك دەبنە بەشێك لەپێکهاتەی پرۆژەیەك کەلێنی گەورە دەخەنە پێکهاتەو جەستەی ئەو پرۆژەوە، کاتێك دەوڵەت سروشتێکی عەقلانی وەردەگرێت، واتە عەقلانیەت دەبێتە جەوهەری کۆمەڵگای رۆژئاواو چەندین ئاستو شێوازو ئاراستەی لەیەك جیاواز بەخۆوە دەبینێت کە لە هەندێك قۆناغدا رەنگدانەوەی خراپیان لەسەر دیاریکردنی جوڵەو ئەركو ئامانجی دەوڵەت دەبێت، لێرەدا کاتێك قسە لەسەر رەهەندو ئاسارە سەلبیەکانی عەقلانیەت دەکەم لەسەر ژیان، ئەوا مەبەستم قبوڵکردنی هێزێك یان تێزێکی ناعەقلانی نییە ئەگەر بەناوی ئاینیشەوە بێت. (هابرماس) (٥) بڵاوبونەوەی عەقڵیەتی ماتماتیکی لەخۆرئاوادا بەپرۆسەی (کولونیالکردنی) سەرجەم بوارەکانی ژیان دەشوبهێنێت، واتە بەهۆی بڵاوبونەوەی ئەقڵ ئامێریو ئەقلانیەتی ماتماتیکیدا (کە سروشتی مۆدێرنە ودەوڵەتی هاوچەرخ) رایەڵی پەیوەندیو گۆڕینەوەی ئەزمونو زانیاریو کارلێکی نێوان مرۆڤەکان پچڕاوەو نرخی مرۆڤ لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بەستراوە بەبڕی سەرمایەو قورسایی ئابوریەوەو ئیدی شوینگەو مرۆڤ بونی مرۆڤەکان بەپێوەرە ئابوریەکان دیاری دەکرێت لەدەوڵەتی هاوچەرخداو بەمجۆرە پرۆسەی بەشت بون لەکایەی شتوکاڵاکانە وە گوازرایەوە ناو کایەی مرۆڤ خۆیو مرۆڤ بەنرخترین شتی لەدەست دا کە لەئاژەڵان و تەواوی شتەکانی دیکەی جیادەکردەوە واتە (بلێسەی روحی ناخی خۆیی و مرۆڤایەتی خۆی) (٦). ئەم لوژیكو فەلسەفە ماتریالیەی کە پرۆژەی دەوڵەتی پێکهێناوە دەیەوێت دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێتو تەواوی ئەو بەهاروحیو کلتوریو رەمزییانەی بسڕنەوە کە دەبنە بەربەست لەبەردەم جوڵەو پەلهاویشتنی داگیرکاریانەو کێبەرکێی بێرەحمانەیان لەسەر بازاڕو بەتاڵانبردنی سەرمایەی جیهان، دەوڵەتی هاوچەرخ بەپێی ئەو فەلسەفەو پێوەرە ماتریالیانە بەرەو هەرێمەکانی دەرەوەی خۆی مل دەنێتو شونێگەو روبەری تازە بۆ خۆی دسەتەبەر دەکات.

ئەمەش بەهۆی زاڵبونی عەقڵ ئامێریو ماتماتێکی عەقڵباوەری بەلارێدا بردوەو سەرەنجام مرۆڤو پرۆژەی مۆدێرن چەمکی ئامانجی لەدەستداوە یان راستتر بڵێین ئامانجی مرۆڤی مودێرن لە (قازانجو زەرەری) مادیدا پەستێنراوە، چونکە پێداویستە مادیەکان دەبنە مایەی سەرهەڵدانی فەلسەفەو سیستم و دامەزراوەکانو سەنتەریەت دەدات بەئەوروپای شوێنگەی سەرهەڵدان، ئیدی باڵا دەست بونی ئەوروپاو دەستەبەرکردنی بازاڕو سەرچاوەکانی کەرەسەی

خاوو کانزاو توخمە ئیشپێکەرەکانی ماشینی ئابوری (کارگەکان) و بەدەست خستنی زۆرترین قازانج دەبێتە سیماو سروشتی پرۆژەی دەوڵەت بەهۆی ئەو شێوە گرتنە سەرمایەداریەیەوە کە گەورەترین نەهامەتی بەسەر کۆمەڵگای مۆدێرن دەهێنێت، گرنگترین نەهامەتی بەهەڵەدا بردنی پرۆسەی عەقلانیەت بوو پاشان کورتکردنەوەی لەعەقڵئامێردا، هورکهایمەر و ئادرنۆ دەڵێت (عەقڵئامێری دروستکراوی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری دیاریکراوە کە ئەویش سەرمایەداریە) (٧) هەروەها هابەرماسی کەمو کوڕی و کەلێنەکانی مۆدێرنە بەپرۆژەکانیەوە دەگێڕێنێتەوە بۆ (شکلی سەرمایەدارانەی پرۆسەی مۆدێرنە) [٧] ئەم شێوە گرتنە سەرمایەدارانە بەروحیەتێکی پاوانخواز و دواتر پاراو دەبێت بەو روحیەت و باکگراوندە خاچ پەرستەی کە نەست و خەیاڵگەی تاکی رۆژئاوایی پێك هێناوەو دەبێتە مایەی دروست کردنی مەودایەکی ئیمپریالیزمی. ئیدی پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ بەم پێکهاتەو سروشت و روحیەتەوەو لەناو ئەو مەودا ئیمپریالیزمیەدا جوڵەیەکی بەرژەوەندیخوازی و داگیرکاری وەردەگرێت و رودەکاتە رۆژهەڵات بەمەبەستی گەران بەدوای سەرچاوەکانی کەرەسەی خاوو کانزاو توخم و سەرمایەداو دۆزینەوەی رێڕەو (معابر) ی بازرگانی و بازاڕێ نوێ فراوانکردنی روبەرەکانی بەرهەمهێنانی و گەشەدان و بەرزکردنەوەی ئاستی سەرمایە، کاتێك پرۆژەی دەوڵەت بەم روحیەت و ناوەڕۆك و سروشتە جوڵەوە رودەکاتە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی (ئیسلامی) لەڕوانگەی پێوەرەکانی (بازاڕ، بەرژەوەندی، سەرچاوەکان (نەوت، کانزا...)) دەیەوێت نەخشەی سیاسی ناوچەکە دیاری بکات و هاوکێشەو پنتەکانی هێزو سنورو پایەکانی دەوڵەت رێك دەخەن، واتە پرۆژەی دەوڵەت لەرۆژهەڵاتدا لەدەرئەنجامی کارلێکی ناوخۆیی ناو کۆمەڵگاو ئاڵوگۆڕی پنتەکانی هێزو گۆڕان لەبونیادو سیستەمەکانی ناو کۆمەڵگاوە نەهاتۆتە بوون و لەپەرینەوەی پرۆژەکەشدا بۆ رۆژهەڵات هیچکات مرۆڤ بون و چارەنوسی گەل و نەتەوە لەیەکجیاوازەکان رۆڵی نەبووە لە دیاریکردنی پێوەرو ئەولەویاتی پێکهێنانی دەوڵەت و رەنگرێژکردنی سنورەکانیدا، بەڵکو لەڕوانگەی بەرژەوەندی زلهێزانەوە کە (پرۆژەی دەوڵەت) ئامرازی دەستیان بوو سنوربەندی ناوچەکە کراو گرنگی ستراتیژی ناوچەکە دابەشکراو هاوکێشەکانیش رێکخران. لەم گۆشە نیگاوە بۆمان دەردەکەوێت ئیشکالیەتی بێقەوارەیی کورد دەرهاویشتەی مۆدرێنەیە پاش ئەو شێوەگرتنە سەرمایەدارانەیەی دەوڵەت و جوڵە داگیرکەرانەیەی، بەڵکو سەرجەم ئەو مەرگەساتانەی کە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتوە لەژێر نیگای ئەو فەلسەفەو ئایدیولوژیاو عەقڵیەتە بوە کە مودێرنە بەرهەمی هێناوە، پاکتاوکردنی رەگەزی دەرئەنجامی پاکتاوکردنی بەها روحی و مرۆیی و رەمزیەکانە کە فەلسەفەو ئایدۆلۆژیای علمانی ئەنجامیدا. کاتێك تیزی علمانیدێت (پرۆژەی دەوڵەت) بەهەمان بونیادی مەعریفی و پێکهاتەو شێوەگرتنە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیەکەیدا تەبەنی دەکات، بەبێ پاککردنی پرۆژەی دەوڵەت لەو بونیادە مەعرفی و فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیای (کە بە گواستنەوەی پرۆژەی دەوڵەت دەبێت بۆ ناو کایەیەکی ئاینی هەتاکو پاراوبێت بە بەها روحی و مرۆییەکان) تێکشێنەری نەتەوەوکەمان و ئەگەری بەردەوامی مەرگەساتەکان دەبێت ئەویش بەداڕشتنی کەسایەتی تاکی

کوردی بەو فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیایە، گواستنەوەی ئیشکالیەتەکە دەبێت بۆ ناو پێکهاتەی کەسایەتی تاك و کۆمەڵگاکەمان، بەتایبەت لەدونیای ئەمڕۆدا کە کۆمەڵگای رۆژئاوایی ئاستی گەشە سەرمایەداریەکەی زۆر باڵای کردوەو سنورو پێکهاتەکانی دەوڵەت لەسەر دۆخی جارانی ناتوانێت لەخۆی بگرێت و خەریکی تیپەراندنینی و لەم پێناوەشدا خودی پرۆژەی دەوڵەتیان خستۆتە ژێر پرسیاری جدیەوە، ئەم حاڵەتەش کەش و هەوایەکی گونجاوی بۆ دۆزەکەمان رەخساندوە لەپەراوێزەوە بچێتە ناو سەنتەری مەسەلەکان و ئەگەر ئامادەگی و پێکهاتەی هێزەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە لەئاست گۆڕانکاریەکەدا بن دەگونجێت لەشێوە گرتن و پێکهێنانەوە نوێکەی دەوڵەتدا کوردیش شوێنگەیەك بەدەست بخات، پێم وایە ئەم ئەرك و ئامادەگیەش بەفەلسەفەو ئایدیۆلۆژیا علمانیەکە ئەنجام نادرێت بەم حاڵەتەی ئێستایەوە، هەروەك هێزە غەیرە علمانیەکانیش بەم حاڵەتەی ئیستایانەوە لەئاست ئەو ئەرکەدا نیـن!؟ لەوانەیە بووترێت ئیشکالیەتی بێقەوارەیی ئێمە لەمێژووی هاوچەرخیدا گرفتاری مۆدێنەیە بەڵام کێشەی بێقەوارەیمان مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژووی سەرهەڵدانی پرۆژەی دەوڵەت، بۆیە گرنگە تیشکێك بخەینە سەر ئەم ئیشکالیەتە لەمێژوی ئیسلامیداو دواتر دیاریکردنی کاریگەری مۆدێنە لەسەر دوایەمین برگەکانی مێژووی ئیسلامی کە دەسەڵاتی عوسمانیەکانەو رەنگدانەوەی لەسەر قەوارەی کورد.

### *مێژووی ئیسلامی، مۆدینە، کورد

سەرەتا مەبەستم لەمێژووی ئیسلامی ئەو چوارچێوە زەمەنیەیە کەئیسلام تیایدا مەرجەع و چەقی پێکەوەنانی پێکهاتە و فۆرم و روانگەو سیستەمەکان (کلتوری، ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی) و بزوێنەرو دروستکەری گۆڕانکاری و رووداوەکان بوە، دەگونجێت هەندێك روداو و گۆڕانکاری دژی تەوژمە ئیسلامیەکە لەو بێت بەڵام ئیسلام تاودەری بوە، کاتێك ئیسلام رێنومایی و کاریگەریەکانی خۆی ئاڕاستەی ناخ و ویژدانی تاکەکان دەکات و لەرێگەی گۆڕینی ویژدان و ناخیانەوە بەریەککەوتن و سلوکی رۆژانەیان دەگۆڕێت، لەبەرئەنجامی گۆڕینی ناخەوە، کارلێکی نوێ لەنێوان خۆیان و ژینگەکەیاندا دەکەن، لەکۆی ئەمانە سیستەمەکان پێك دێت کە دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی پێکهاتەی تازەو دروستکردنی روداو (حدث) . واتە رینومایەکانی ئیسلام لەرێگەی جەوهەری تاکەکانەوە دەچنە جەوهەری کۆمەڵگاوە، چونکە سەرجەم پێکهاتەو سیستەمەکانی کۆمەڵگا دەرەنجامی کارلێکی ناوخۆی کۆمەڵگایەکە پەیوەستە بە دیدگاو ناوەڕۆکی تاکەکانەوەو هەروەك روداوەکان رۆڵیان هەیە لەچۆنیەتی شێوەگرتنی ناخی تاکەکاندا، واتە گۆڕانە فکریە ناوخۆیەکان و جۆری پەیوەندیە دەرەکیەکانی کۆمەڵگا دیاریکەری جەوهەری کۆمەڵگان و سیاقی مێژوویی زەمەنەکان رۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لەم پرۆسەی شێوە گرتنەی جەوهەری کۆمەڵگادا.

کاتێك ئیسلام دێت ئینقلابێکی گەورە لەنەفسیەت و عەقڵیەتی تاکی موسڵماندا ئەنجام دەدات و بەفراوانبونی بازنەو روبەرەکانی ئەم گۆڕانەو تێپەڕبونی کات و دروست بونی

شەپۆلێکی بانگخوازی ئیسلامی پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی بەدوای خۆیدا هێنا سەرەنجام شێوەگرتنێکی ئیسلامی بەهەناوی کۆمەڵگا دەبەخشێت، تیپەڕبونی کاتیش (١٤سەدە) هێندەی‌تر قوڵایی مێژوویی دەدات بەجەوهەرە ئیسلامیەکە، ئیتر گۆڕینی ئەم جەوهەرە پێویستی بەکاتی زیاتر لە (١٤سەدە) و فکرو ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەی بانتر هەیە، ئیدی لێرەوە دەردەکەوێت مۆدێرنەیەکی تەمەن یەك سەدەیی بە بەفەلسەفەیەکی ماتریالی کە چەقەکی (دیالیکتیك) ە – کە لەپەراوێزی فەلسەفەی ئیسلامی وەگیراوە – تواناو کاتی سنورداره لە گۆڕینی جەوهەرە ئیسلامیەکەی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەی گرنگ بێت لەم میانەیەدا ئاماژەی پێ بکەم چۆنیەتی هەڵچنینی ئەزمونی دەوڵەتداریی و فۆرمی دەسەڵاتە لەمێژووی ئیسلامیدا، دیارە پێکەوەنانی فۆرمی دەسەڵات پەیوەستە بەپێکهاتەی سیستمی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و کەلتوری ئەو کۆمەڵگایەوە، سەرجەم ئەو سیستەمانەش کاریگەریان لەسەر گۆڕان‌و چۆنیەتی پێك هێنان‌و شێوەگرتنی یەکتردا هەیەو کۆی هەمویان فۆرمێکی هاوبەش بەرهەم دەهێنێت بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا کە ئەو فۆرمە هاوبەشە نمایشکەری ئاستی ژیان‌و هۆشیاری‌و ستراکتوری ئەو کۆمەڵگایەیە.

کاتێك ئیسلام دێت (پێشتریش ئاینەکانی‌تر بەهەمان شێوە) سیستمێکی بیرکردنەوەو کەلتوری نوێیان بۆ دادەڕێژرێت‌و دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری‌و هەست بەخۆکردنی مرۆڤەکان‌و پاشان جۆرو شێوەی گۆڕانکاری‌و ڕوداوەکان‌و کارلێکە ناوخۆیەکانی ناو کۆمەڵگا پێکهاتنێکی گشتی مرۆڤانەی گشتی لەسەر ئەساسی ئاین دەدات بەفۆرمی دەسەڵات لەسەرەتاکانی مێژووی ئیسلامدا دیارە کۆمەڵگەی عەرەبی ژینگەی یەکەمی لەخۆگرتنی ئاینی ئیسلام دەبێت، هەروەك ئیسلام کاریگەریەکانی خۆی بەهەناوی کۆمەڵگادا قوڵ دەکاتەوە بەهەمان شێوەش کارەکتەرە ئامادەکانی ناو کۆمەڵگای عەرەبی جۆرو تەمەن و ئاراستەی گۆڕانکاری‌و کارلێکە ناوخۆیەکانی ناو کۆمەڵگای عەرەبی سنوردار دەکات، گرنگترین کارەکتەریش کە کاریگەری بەسەر پێکهاتەی سایکۆلۆژی‌و زهنی تاکی عرەبیەوە بەجێهێشتوە بریتی‌یە لە مەسەلەی (خێڵ – شار) بەهۆی سروشتی دەشتەکیانەی تاکەوەو لەژێر پێکهاتەی بیابانیانەی جەزیرەی عەرەبیەوە خەڵکی لەشێوەی (خێڵ)دا کۆکردۆتەوە بەشێوەی ناجێگیرە چونکە بەمەبەستی دەست خستنی بژێوی ژیان ناچارن بەدوای لەوەڕگاکاندا بگەڕێن‌و لەسەر لەوەڕگاکانیش بدەن بەسەر یەکترداو شەڕی عەشایری گەورە بەرپابکەن‌و سەرەنجام کەش‌و هەوایەکی نائارام فەراهەم دێت، ئەم حاڵەتەش لەباربەری هەموو پرۆژەیەکە لەو زەمینەیەدا، ئیسلام دێت ئیش لەسەر بونیادەکە دەکات‌و ئاڕاستەی کارلێکە ناوخۆیەکانی نێوان خێڵ‌و ژیانگاو سەرچاوەکانی بژێویدا ڕێك دەخات، زەمینەی بەرهەمهێنانی فۆرم‌و سیستەم ساز دەکات‌و کۆمەڵگای عەرەبی لە کۆمەڵگایەکی فەوزەوی نائارام‌و ناجێگیر بەرەو کۆمەڵگایەکی سیستماتیکی جێگیر دەگوازێتەوە هەرچەندە ئاسەواری (خێڵ – بەداوەت) بەسەر پێکهاتەی سیستەمەکانە وەهەر دەمێنێت واتە پێکهاتەی نوێ هەردەبێت لەسەر ئەساسی خێڵ بێت ئەوکاتە پێکهاتەی فۆرمە تازەکان دەبنە ڕێکخستنێکی بالای خێڵ نەك بانتر لەخێڵ، ئیدی

تەمەن و شێوەی پێکهاتەکان تواناو هێزی خێڵ دیاری دەکات هەرچەندە ئیسلام کاریگەری قوڵی لەجەوهەری تاك و خەڵکیدا بەجێهێشت، چونکە شێوەو مانەوەی خێڵ پەیوەستە بەهەڵکەوتی جوگرافی ئەو ژیانگایە، واتە بەکەمکردنەوەی ئاسەواری جوگرافیا لەسەر ژیانگای تاك دەتوانرێت پێکهاتەی خێڵ لاواز بکرێت یان نەمێنرێت، ئەمەش پێویستی بەشۆڕشی زانستی و تەقەنی هەیە، دیارە لەسەردەمی سەرەتای ئیسلامدا ئەم جۆرە شۆڕشە بەرپانە بوە بۆیە مانەوەی خێڵ وەکو ئەساسێك بۆ هەڵچنینی ئەزمونی دەسەڵاتداری هیچ بەدیلێکی نی یە لەو ساتەوەختەداو ناتوانرێت تێپەڕێنرێت هەرچەندە ئیسلام بەمەفاهیمە ئینسانیەکانی روحیەتێکی مرۆڤانەی گشتی لای تاکەکان دەخولقێنێ بەشێوەیەك هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەستبەرداری سەرجەم ئەو حاڵەتانە دەبن و دەچنە مەودایەکی گەورەترەوە بەڵام دواتر ژیانگای بانگەوازەکەو جوگرافیاکەی فورمەلەبونێکی کۆمەڵایەتیانەی گونجاو بەو ژیانگایە دەدات بەپێکهاتە نوێکە، چونکە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەزمونی دەسەڵاتداری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو لە دەرەوەی ئەو کایەیەدا هیچ بونێکی نی یە. لێرەوە جیاوازی نێوان فۆرمی دەسەڵات لەرۆژئاواو دنیای ئیسلامدا دەردەکەوێت ئەوروپا بەهۆی شۆڕشی زانیاری و گەیاندن و تەکنۆلۆژیاوە شۆڕشی بەسەر جوگرافیا کردو ژیانگای لە کوت و بەندو ئاسارە سەلبیەکانی رزگار کردو توانی سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی (خێڵ – تیرە) تێپەڕێنێت و لەسەر ئەساسی شار فۆرمی دەسەڵات بەرهەم بهێنێت، بەڵام لەدونیای ئیسلامدا ئەم حاڵەتە روی نەداوە[٨].

ئامادەبونی بەردەوامی کاریگەریەکانی جوگرافیا لەسەر ژیانگای ئێمە درێژەدەر دەبێت بەئامادەبونی خێڵ لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتیماندا، واتە جۆرو شێوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا پەیوەستە بەپێکهاتەو هەڵکەوتەی جوگرافی کۆمەڵگا نەك فەلسەفەو ئایدیۆلۆجیا هەرچەندە فەلسەفەو ئایدیۆلۆجیا رۆڵی گەورەیان هەیە لەکەمکردنەوەی کارایی جوگرافیا لەسەر ژیانگای خەڵکی، لەم سۆنگەیەوە گواستنەوەی فۆرم و پرۆژەی دەوڵەتی بەرهەمهاتوی کایەکانی دەرەوەی جوگرافیا بۆ ناو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کە جوگرافیا چەقی پێکهێنەری کایەکانیەتی پرۆسەیەکی ئێجگار نامەعقولە کەتیزی علمانی پێی هەڵدەسێت لەکۆمەڵگای ئێمەدا. لێرەوە و لەژێر کاریگەری جوگرافیا لەسەر ژیانگای کۆمەڵگەی عەرەبی فۆرمی دەسەڵات لەسەر ئەساسی ئاین (ئیسلام) پۆلێن و ئەلقەبەندی کۆمەڵگاو سروشت و جوڵەو ناوەڕۆك و شێوەگرتنی تایبەت دەدات بەدەسەڵات.

ئیدی لەم فۆرمەدا مرۆڤەکان بەگشتی و بەپێی ئامادەبونیان لەناو روداوەکان و ئاستەکانی ژیاندا شونێگەیان دیاری دەکرێت – دیارە جوگرافیا ئەم ئامادەبونە سنوردار دەکات – نەك لەسەر ئەساسی زمان و هەر پێوەرێکی تر، واتە لەسەرەتادا فۆرمی دەسەڵات لەسۆنگەی پێوەرو ئەولەویاتە عەقیدەیەکانەوەو بەروحێکی ئیسلامیانەی پەتیەوە و لەژێر کاریگەری ژیانگا شێوە دەگرێت، پاشان بەهۆی فتوحاتی ئیسلامیەوە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیسلامی زیاد دەکات، ئەم زیادکردنەش دەبێتە هۆی کاریگەری و ئامادەبونی زیاتری جوگرافیا لەسەر کۆمەڵگاو هاتنە

ناوەوەی گەل و نەتەوەو فەرهەنگی‌تر کە دەبنە مایەی گۆڕینی بونیادو ستراکتۆرەکەو سەرەنجام گۆڕینی فۆرمی دەسەڵات لەخەلافەتەوە بەرەو پاشایەتی کە بە (ملك العضوض) ناو زەدکراوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە نا ئامادەبونی هەست و گیانی نەتەوەبونە لەناو ئەو فۆرمانەی دەسەڵاتدا لەو مێژووەدا ئیسلامی بێت یان ساسانی یان رۆمەکان، ئیدی هیچ مانایەك نی‌یە بۆ بەرپرسیارکردنی ئەو مێژووە بۆ هیچ قەوارەیەکی نەتەوەیی کوردی بێت یان غەیرە کوردی، بەڵام لەم فۆرمەدا کەدەسەڵات لەزۆربەی قۆناغی مێژوویدا بەشێوەیەکی رەمزی سەرتاسەری بوە، واتە دەسەڵات نامەرکەزی بوە بەهۆی ئامادەیی کاریگەریەکانی جوگرافیا لەسەر کۆمەڵگای کەرولێکی بنەڕەتی و ئەساسی دەدات بەخێڵ و خانەوادەکان لەپێکەوەنانی فۆرمی دەسەڵاتدا لەژێر سێبەری دەسەڵاتێکی مەرکەزی رەمزیدا، لەم قۆناغە مێژوویەشدا کورد بەپێی پێوەرەکانی فۆرمی دەسەڵات (خانەوادە، خێڵ، ئاین) دەسەڵاتی خۆی هەبوە، لەو ماوەیەدا کورد زیاتر لە (٥٠) میرنیشینی تایبەتی خۆی بوە وەك (دەوڵەتی ئەیوبیەکان و دەوڵەتی دۆستەکی و میرنشینەکانی‌تر) ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینی بێت لەم میانەدا ئەو گۆڕانکاریانەی کۆمەڵگای رۆژئاوایی بەخۆیەوە دەبینی لەشۆڕشی زانستی و تەکنۆلۆجی و زاڵ بون بەسەر جوگرافیاو دروست بونی شاری گەورەو کۆمەڵگەی پیشەسازی پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخی بەرهەمهێنا کە گرنگترین سیمای پرۆژەی نوێ سەنترالیزەکردنی دسەڵاتە بەهۆی یەکخستن و پێکەوەگرێدانی هەرێمە لەیەك دابڕاوەکان و زمانەوە، دەبوایە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی زاڵبونی بەسەر جوگرافیا لەگەڵ ئیشکردن لەناو کایە ئاینیەکەدا بدایە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پرۆژەی دەوڵەت و گۆڕینی فۆرمی دەسەڵات، چونکە کایە ئاینیەکە چەقی شێوەگرتنی سیستمەکانی ترەو ژیانگاش چێوەی دیاریکەری جۆرو سروشت و ئاستی کایە ئاینیەکەیە، دەوڵەتی عوسمانی خۆی دەچێتە ژێر کاریگەری پرۆژەی دەوڵەتی مۆدێرن لەتەبەنی‌کردنی سەنترالیزەکردنی دەسەڵات و لەم پێناوەشدا هێرش دەکاتە سەر میرنشینە کردیەکان و سەرجەم دەسەڵاتە لوکاڵەکانی‌ترو لەناویان دەبات، دیسانەوە لێرەوە کاریگەرە نیگەتیفەکانی پرۆژەی دەوڵەتی مۆدێرنە ناخود ئاگایانە دیوارە ئەستورەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەسمێت و قەوارە رەسمیەکانی کورد لەناو دەبات. واتە قەوارەی ئێمە دەبێتە قوربانی مودێرنەو چەقبەستنی کایە ئاینیەکە لەدوایەمین بڕگەکانیدا کە واقعەکە دەیخواست گۆڕانی بەسەردا بێت. ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژە پێ‌کردن بێت ئەو رەوتە ئیمپریالیەی کۆمەڵگای رۆژئاوایە بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی کە بوە مەترسیەکی دەرەکی گەورە، ئەمیش بۆ روبەربوبونەوەی ئەو مەترسیە دەرەکیە بەتایبەت پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ کە لەسەر ئەساسێکی ناسیونالیستی پێکەوە نراوە دەبێتە هۆی جۆشدانی هەستی نەتەوایەتی و سەرەنجام لێکترازاندنی بڕگەو جومگەکانی دەوڵەت و ڕەنگرێژکردنەوەی سنورەکانی سەرلەنوێ، هەستا بەزیاتر لەیەك نزیکردنەوەی جومگەکان (بەتەبەنی کردنی بیری ناسیۆنالیزمی و چاندنی گیانی تورکچیەتی و لەناوبردنی دەسەڵاتە لوکاڵەکان) و لابردن و لەباربردنی هەل و ئەگەرەکانی چاندنی ئەو پرۆژەیە لەناو جەستەی کۆمەڵگەی ئیسلامی کە

عوسمانیەکان ئیدارەی دەکەن، پێم وایە ئەگەر ئەو جوڵەو رۆحە داگیرکاریە ئیمپریالیزمیەو شیوەگرتنە سەرمایەداریەی دەوڵەتی هاوچەرخ نەبوایە، کە بوە هۆی دروستکردنی ترس و مەترسی لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەوا رەوتی گۆڕانکاریە ناوخۆیی و کارلێکە ناوەکیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرەو دروست بونی قەوراەی نوێ دەرۆیشت بەتایبەت لەو ساتەی کە کایە ئاینیەکە چەندینی وەك محمد اقبال و محمد عبده و هاوەڵانی کاریان تێدا دەکرد بەمەبەستی گۆڕینی، بەڵام پاشتر ئەو مەترسیانە ئاڕاستەی گۆڕینی کایە ئاینیەکەی گۆڕی و ئیدی هەڵومەرجی پێکهاتەی پرۆژەو فۆرمی تازەی دەسەڵات لەبارچوو، بەهۆی تێکەڵاوبونی سیستەمە ئاینی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکەی کۆمەڵگای رۆژهەڵات و شێوەگرتن و پشت بەستنی سەرجەم سیستەم و بونیادەکان بەکایە ئاینیەکە، مەبەستمە بڵێم کایە ئاینیەکە بەهۆی کاریگەری سەلبی مودیرنە لەسەر کۆمەڵگاو خولقاندنی هەلومەرجێکی بابەتی رولی سنوردار دەکرێت، چونکە هەلومەرجە بابەتیەکەدا وا دەکات ئایین چ رۆڵێك بگێڕێت و چ ئاسارێك بەجێبهێڵێت لەواقعی مرۆڤەکانداو مرۆڤەکانیش خۆیان بەرپرسیارن لەخولقاندنی ئەوجۆرە فەزاو هەلومەرجە بابەتیە، لەو سۆنگەوە دەردەکەوێت کە کورد لەناو فۆرمی ئیمبراتۆریەتدا (خەلافەت) دەسەڵاتی لوکاڵی تایبەتی بەخۆی هەبوە، بەڵام دواتر لەژێر کاریگەری مودیرنەدا هۆشیاری و بزافێکی ناسیونالیزمی پێك دێت و دەبێتە مایەی فەراهەم هێنانی هەلومەرجێکی بابەتی قەوارەی کوردی دەخاتە ئیشکالیەتێکەوە هەتا ئەمرۆ درێژەی هەیە.

### *لە بونیادەوە بۆ فاکتەر

پاش تیشك خستنە سەر پرۆژەی دەوڵەت و دیاریکردنی مەوداو چۆنیەتی پێکهێنانی پرۆژەکەو تەرحکردنی بۆ کۆمەڵگەی ئێمەو دەستنیشانکردنی بونیادەکانی پێکەوەنانی ئەو پرۆژەیەو ئاسارە سەلبیەکانی ئەو بونیادانە لەسەر ماهیەت و چۆنیەتی شێوە گرتنی پرۆژەکەو کاردانەوەیان لەسەر چارەنوسمان و دواجار بێقەوارە کردنمان، پێم باشە ئاماژەیەك بەرۆڵی هەندێك فاکتەر بکەم بۆ لەدایك بواندنی پرۆژەی دەوڵەت، بۆیەش دەڵێم فاکتەرو ناوی (هۆکار)م لێنەناون، چونکە دەکرێت لەگەڵ بونی فاکتەرەکانی بێقەوارەییدا قەوارەیەك پێکەوە بنرێت بەڵام ئەگەر بە (هوکار) پێناسیان بکەین (کە زۆرجار بەم شێوازە تەرحکراون) ئەوا بەبێ لابردنی هۆکارەکانی بێقەوارەیی موستەحیلە قەوارەیەك پێك بهێنرێت، کاتێك ئەم فاکتەرانە بە (هوکار) دەناسرێن و تەعبیریان لێدەکرێت، ئەوە بەهەڵەدابردنی تاکە لەدەستنیشانکردنی هۆکارەکانی قەیرانەکەو ناساندنی هێزو تێزی خولقێنەری قەیرانەکەو دروستکردنی قەناعەتێك لای تاکی کوردی کە ئەوە جوگرافیایە خولقێنەری کێشەکە نەك تێزەکان، بەڵام بەهەڵروانینێك بەنەخشەی جیهانیدا چەندین قەوارەی سیاسیمان بەرچاو دەکەوێت کە فاکتەرە جوگرافی و سایکۆلۆژی و مێژووییەکانیان یارمەتی دەرنەبون بۆ پێکهێنانیان بەڵام چونکە بونیادەکان (ئابوری، عەسکەری، سیاسی)، سازو ئامادەبون رۆڵی فاکتەرەکانیان نەهێشت، دیارە جۆرو هێزی بونیادەکان پەیوەستە بەتێزەکانەوە لێرەوەیە تێزی علمانی بەرپرسیار دەکرێت لەبێقەوارەیی

كورد، چونكە ئەو فەزا سیاسی و عەسكەری و ئابوریەی كە بێقەوارەی كردوین تێزی علمانی خولقاندویەتی، ئیتر كە جوڵانەوە ناوخۆیەكان هەمان تێز تەبەنی دەكەن هێندەی تر قەیرانەكە قوڵتر دەكەن، مێژوی جوڵانەوەكەش سەلمێنەری ئەو راستیەیە. لەم سۆنگەوە كارایی فاكترەكان پەیوەستە بەرادەی ئامادەباشی بونیادەكانەوەو بەلاوازكردنیان فاكتەرەكان دەبنە كارەكتەری بەهێز لەپێكەوەنانی پێكهاتەو فورمەكانداو بەپێچەوانەشەوە، بۆیە بەكارهێنانی فاكتەرم پێگونجاوترە لەهۆكار، چونكە هیچ كات قەوارەی كوردی لەسەر باری دەرونی و پێكهاتەی كەسایەتی و كۆمەڵایەتی تاك و كۆمەڵگەی كوردی و چۆنیەتی هەڵكەوتەی جوگرافی كوردستان نەوەستاوە، دەیان دەوڵەت دە بینین ئەو فاكتەرانە زۆر بەگەورەیی ئامادەیە تیایاندا كەچی قەوارەی سیاسیان هەیەو ئەو فاكتەرانەش نەبونەتە مایەی لاوازی و لەناوبردنی قەوارەكەیان.

ئیدی بۆ دەبێت دەوڵەت بونی خۆمان ببەستینەوە بەشتێكەوە كەپەیوەست نیە پێوەی بەشێوەیەكی بنەڕەتی، ئێمە گرفتمان لەم مەسەلەیەدا لەدیاریكردن و شوێنگەپێدانی شتەكانە لەبەرهەم هێنانی قەوارەدا، شتێكی لاوەكی دەكەینە سەرەكی و بچوك گەورە دەكەین و سەرنجام هەوڵەكانمان بێئەنجام دەبن، دیارە بۆ پێكهێنانی هەر پێكهاتەو قەوارەیەك گرنگە سەرەتا دیدگاو روئیامان بۆ مەسەلەكان رۆشن بێت هەتاكو بتوانین قەبارەو قورسایی و رۆڵ و ئەولەویاتی فاكتەرەكان و كارمان دیاری بكەین و سنورو نەخشی ئاڕاستەو تەوژمی جوڵانەوەكانمان بنەخشێنین و هەل ومەرجە بابەتی و زاتیەكان هاویەك بكەینەوە بەمەبەستی زەمینەسازی بۆ فەراهەمهێنانی پێكهاتەو قەوارەیەكی دیاریكراو. ئەم سەرنجانەم لەسەر رۆڵی فاكتەرەكان ناكاتە ئەوەی كە فاكتەرەكان پشت گوێ بخرێن، نەخێر پێویستە لەمپەرو ئاستەنگەكانی بەردەم دروست بونی و پێكهێنانی قەوارەیەكی سیاسی بۆ نەتەوەكەمان ئیهتمامی جدی پێبدەین هەتاكو بتوانین سەرجەم بونیادو فاكتەرەكان ئەكتڤانەدا تەوزیف بكرێن لەخزمەت ئەو پرۆسە گەورەی پێكهێنانەدا.

ناسین و پولینكردنی فاكترەكان هەنگاوێكی سەرەتای گرنگە بۆ هاویەككردنی فاكتەرو بونیادەكان هەتاكو نەبنە كۆسپ لەبەردەم پێكهێنانی قەوارەیەكی سیاسی بۆ نەتەوەكەمان، كە بەگشتی دەكرێن بەدوو بەش:

١-فاكتەرە دەرەكیەكان (بابەتیەكان):- سەرجەم ئەو لەمپەرو ئاستەنگانە دەگرێتەوە كە لەدەرەوەی ئیرادەی تاك و كۆمەڵگەی كوردیەو كورد خۆی ناوەندی پێكهێنانیان نیە كە لەچەند خاڵێكدا كورتیان دەكەمەوە:-

أ-ئەنجامدانی ململانێ و یەكلاكردنەوەی جەنگ و كێشەكان لەناو گۆڕەپانی كوردیدا ئەم مەسەلەیە لەمێژوودا ئاسەواری نیگەتیفانەی بۆ كورد جێهێشتوە. لەم بارەیەوە كامەران مەنتك دەڵێت (لە ١٨٩٠ بەدواوە گۆڕانگاری ئابوری و سیاسی گەورە رویانداو كاریگەریەكی گەورەیان لەسەر چارەنوسی كوردستان هەبوو) [٩] هەروەها دەڵێت (مێژووی پەرەسەندنی ئابوری و سیاسی نێو دەوڵەتیش ئەم ساڵەیان (١٨٩٠) بەدەستپێكی پیواژۆكی ئیمپریالیزم داناوە كە هاوكات بەپێواژۆكێكی نوێش دەژمێردرێ لەململانێی نێو دەوڵەتی لەسەر كوردستان) [١٠]

بەهۆی گرنگی شوێنگەی جوگرافی کوردستان زلهێزانی (فەرەنساو ئنگلیز) هەوڵیان دەدا هەردولایان دەستی بەسەردا بگرن چونکە نەخشی سیاسیو ئابوری دوارۆژیانی پێوە بەندە بەتایبەت ئنگلیز دەیویست لەڕێگەی کوردستانەوە دەریای سپی بەکەنداوی فارسەوە ببەستێتەوە، ئەم بەستنەوەیەش لەلایەکەوە بۆ ڕێگرتن بوو لەپەلهاویشتی میسریەکانو لەلایەکیترەوە دەروازەی ئاوە گەرمەکانیان لەڕوی رووسەوکان دادەخست، ئەمەش زیاتر لەنامەیەکی ناپلیۆن بۆ تەزاری روس دەردەکەوێت کە دەڵێت (ڕێگای فورات نەخشەی دوارۆژ دەنەخشێنێ)[11] گرنگی کوردستان بەهۆی چاڵە نەوتەکانو شوێنگەی جوگرافیەوە وایکرد زلهێزان ستراتیژی خۆیان ئاراستەی کوردستان بکەن بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکانو چارەسەرکردنی کێشەکانیان. ئنگلیزەکان پێویستیان بە بەهێزکردنی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو هەتا بتوانێت روبەڕوی هەوڵەکانی روسو فەرەنساو ببێتەوە، بۆ ئەمەش ئنگلیزەکان کارئاسانیان کرد بۆ عوسمانیەکان ئەو میرنشینو دەسەلاتانە سەرکوت بکات کە ئەگەری بەکارهێنانیان دەکرێت لەلایەن روسەکانو فەرەنساوە ئیتر میرنشینە کوردەکان بەر شالاوی عوسمانیەکان دەکەونو سەرکوت دەکرێن، بەتایبەت کاتێك هەستیان کرد روس لەهەوڵی پارچەکردنی دەوڵەتی عوسمانیەوە لەڕێگەی پشتیوانیکردنی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی وەکو کورد لەم بارەیەوە مینۆرسکی دەڵێت (هەرکاتێك شەڕ لەدوای قەوقاز دایسا بوایە، ئێمە زێتر بایەخمان بەکورد دەدا، هەر سەرۆکی بزوتنەوە کوردیەکان خۆیان ئاگاداریان دەکردینەوەو پەیوەندیان باش بێت لەگەڵیاندا، ئەم بارە بەردەوام بوو بەتایبەت لەساڵی ١٨٥٣) دواتر راگرتنی هاوسەنگی هێزەکانی زلهێزان لەسەر خاکی کوردستان دەبێتو سەرەنجام دابەشکدرنی کوردستان دەبێتە مەرجی ڕێکخستنی هاوکێشەکانو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانی وولاتە ناکۆکەکانی سەر گۆڕەپانی کورد، دیسانەوە مودێرنە بەهۆی ئەو شۆڕشە پیشەسازیەی بەرپای کرد بازنەی بەرژەوەندیەکانی دەگەیەنێتە سەر گۆڕەپانی کوردو لەسەر جەستەی کۆمەڵگەی ئێمە سنوربەندی بەرژەوەندیەکان دەکاتو دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پێکەوەنانی قەوارەیەك بۆ نەتەوەکەمان.

ب-دابەشبونی کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکدا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم لەڕێگەی دابەشکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەپێی ڕێککەوتنامەی (سایکس - بیکو) کە بەرژەوەندی زلهێزان ئەوەی دەخواستو سەرەنجام لێکدابڕاندنی سەرجەم بەشەکان لەیەکتر. پاش هەڵکشانی دونیای سەرمایەداری بەرەو رۆژهەڵاتو هەوڵدان بۆ مۆنۆپۆلکردنی زەویوزارو کەرەسەی خاوو چاڵە نەوتیەکانو گەرو کەنارە ئاویەکانو ڕێڕەوە بازرگانیەکانو دژ یەك هاتنەوەی بەرژەوەندی هێزەکانی رۆژئاوا جەنگێکی جیهانی گەورەیان بەرپاکرد، ئەوەش لەبەرئەوەی پەلهاویشتنە ئابوریەکان دەسەلاتی سیاسیان بەدوای خۆیان دەهێنا، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەمو لەئاکامی ئەو گۆڕانە ئابوریو سیاسیانەی روی کردە ناوچەکە کە کوردستان مەڵبەندی ئەو گۆڕانانە بوو دەیخواست پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان سەرلەنوێ ڕێکبخرێنەوەو سنوربەندی ناوچەکە بکرێتەوە و بەلانسی بەرژەوەندی لایەنە ئامادەبوەکانی

سەر گۆڕەپانەکە (ئنگلیز، روسیا، فەرەنسا، ئێران) بدرێت و هاوکێشەکان ڕێك بخرێنەوە، بەم شێوە جارێکیتر مۆدێرنە لەڕێگەی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی خۆیان و لەنێوان بەرژەوەندیە لەیەکجیاوازەکاندا کوردستان دابەش دەکەن و لەم پێناوەشدا سنورەکانی دەوڵەت دەنەخشێنن و قەوارەی کوردیمان دەبێتە قوربانی بەرژەوەندیە مادیەکانمان و ئاستەنگێکی تری سایکولوژی و کلتوری و سیاسی دەخەنە بەردەم پێکهێنانی قەوارەمانەوە.

ج-پاش ئەم دابەشکردنە کوردستان دەکەوێتە ناو پشتێنەیەکی ئەمنی ئقلیمی توندوتۆڵەوە هەر وولاتێك لەو وولاتانە ستراتیژێکی ئەمنی دادەڕێژێت بۆ پاراستنی خۆی لەپارچە بون، سەرجەم ئەو جولانەوەو مەسەلانەی ئەگەری لەیەکترازاندنی جومگەکانی دەوڵەتی لێدەکرێت شەتەك دەکرێن و دەخزێنرێنە ناو ئەو ستراتیژە ئەمنیەی ناوچەکە کە لەڕێگەی ڕێکخستنی هاوکێشەکانەوە پێکهێنراوەو دەرچون لەو پتشێنە ئەمنیەش کارێکی سەخت و گران دەبێت لە ناوەوە مەگەر لەدەرەوەی بازنە ئقلیمیەکەوە بتوانرێت تۆرەکانی ئەو پشتێنەیە بپسێنرێت و جومگەو برگەکانی لەیەکتر بترازێنێت. بەڵام کاتێك ئەم پشتێنەیە خودی سەنتەرێکی پێکیهێنا بێت لەپێناو دەستەبەرکردنی بازاڕو کەسەرەی خاوو ڕێڕەوە بازرگانیەکان هێندەیتر ئەگەرەکانی دروست بونی قەوارە دورتر دەخاتەوە، هەر ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی کێشەکەمان پالپشتێکی نێودەوڵەتی نەبێت هەتاکو بتوانێت ئەو سیستمە ئقلیمیە بپسێنێت و کێشەکە لەناو ئەو بازنە ئەمنیە داخراوەدا دەربهێنێت، چونکە لەمەوپێش لەسەر ئەساسی قەوارەکان مامەڵە لەگەڵ ناوچەکەدا کراوەو قەوارەکانیش بەرژەوەندی وان بنەمای پێکهێنانیانەو سەرەنجام خوێندنەوەیەکی ئەمنیان بۆ دۆزی کورد کردوە، هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەو سیستەمە داپولیەی جیهان بوو کە وولاتانی بلوك بەندی کردبوو و پشتێنە ئەمنیە ئقلیمیەکەی گرێدابوو بەپشتێنەیەکی ئەمنی بەهێزترو فراوانتر. ئەم ئاستەنگ و حاڵەتەش بەرەنجامی پەخشانی مودیرنەیە بۆ سەر کۆمەڵگەی ئێمە، بەڵام پاش گۆڕینی سیستمی داپولی جیهان بۆ سیستمێکی مۆنۆپۆل و گورین و هەڵوەشاندنی بلوك بەندیەکان دەکرێت قورسایی ئەم فاکتەرە پێچەوانە بوبێتەوەو ئێستا لەخزمەتی دۆزی کوردبێت، بەتایبەت پێوەری مامەڵەی سیستمی نوێی جیهان پرۆژەی دەوڵەتی تێپەڕاندوەو لەسەر ئەساسی پرۆژەیتر مامەڵە دەکات لەگەڵ دەرەوەی خۆی، ئەمەش ئەگەری گۆڕینی نەخشەی سیاسی و ئەمنی ناوچەکەی هێناوەتە ئاراوەو لەم میانەشدا زەمینەو هەلومەرجی پێکهێنانی قەوارەیەك بۆ نەتەوەکەمان ساز دەبێت.

٢-فاکتەرە ناوخۆیەکان (زاتیەکان): سەرجەم ئەو ئاستەنگ و لەمپەرانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بەپێکهاتەی جوگرافی کوردستان و پێکهاتەی کەسایەتی تاك و کۆمەڵگەی کوردی و لەبونیادی تاکی کوردیدا چێنراوە، سروشت و مێژووی کێشەکەو رووداو گۆڕانە دەرەکیەکان کەمۆدێرنە سەبەبکاری یەکەمی رودانیان و دیاریکەری سروشتی کێشەکەیە، رۆڵێکی سەرەکی و بناغەییان بینیوە لەئاراستەو چۆنیەتی شێوەگرتن و فۆرمەلەبونی کارلێکە ناوەکیەکان و دروست کردنی ئەم فاکتەرە ناوخۆیانەدا کە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێنیان دەکەم:-

أ-پێکهاتــەو هەڵکەوتــەی جوگرافیــای کوردســتان:- سروشــتی شــاخاوی کوردســتان و دواکــەوتنی تــەکنۆلۆجی و زانســتی ناوچەکــە کاریگەریــەکانی جوگرافیــای خزاندوەتــە نــاوی پێکهاتەی کەسایەتی تاکی کوردی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاو جۆری پەیوەندی تاکەوە بە ژینگەکەی بەتایبەت هێشتا کۆمەڵگای ئێمە کشتوکاڵیەو ناوچەکانیشی لەیەکدابڕاندوە سەرەنجام (خوێن و جوگرافیا) دەبنە بنچینەی پێکهێنانی سیستمی کۆمەڵایەتی و خولقاندنی گیانی ناوچەگەری و خێڵایەتی لەناو فەزا کۆمەڵایەتیەکەی کۆمەڵگا کە ئاساری سەلبی بووە لسەر بزافەکان و پەرتەوازەکردنیان هەروەك کاریکردۆتە سەر نەبوونی چەقێکی کۆکەرەوە کە لەڕوی ژیاری و دیموگرافی و مەدەنیەوە پنتی بونیادنان بێت، چونکە ئەم نمونە قەوارەی ئێستا لەدونیادا هەیە هەڵقولاوی شارە کە ئەو چەقە کۆکەرەوەیە.[١٣] نەبونی ئەم چەقە کۆکەرەوەیە لەڕوی هێزیشەوە لاوازی دەدات بەکوردستان، چونکە بوار بۆ دروست بونی شاری گەورە ناهێڵێتەوە کە بنەمای هەڵچنینی ئەزمونی دەسەڵات و دەوڵەتە. کوردستان هەروەك ئەهمیەتی ستراتیژی شوێنەکەی کردیە گۆڕەپانی ململانێی زلهێزان، بەهەمان شێوە دەوڵەمەندی و بەپیتی خاکەکەی بەردەوام جێگەی تەماح و چاوتێبڕین و پەلاماری زلهێزان بوە، ئەم دوو ئامانجەش پێکهێنەری ستراتیژی ئنگلیزەکان بوو لەناوچەکەدا، یەکێك لەنوسەرەکانیان لەم بارەوە دەڵێت (ڕێگای هیند، هەمان ڕێگای بیرە پەترۆلیەکانی ئاسیایە) [١٤] ئیدی بایەخی کوردستان لەڕوی جیوستراتیجی و ئابوریەوە دەچێتە ناو چەقی ستراتیژی ئنگلیزەکان، ئەمریکیەکانیش بۆ مەسحی ناوچەکە لیژنەیەکیان نارد بەناوی یارمەتیدانی ئەوانەی دوچاری برسیەتی هاتبون، لەکاتی گەڕانەوەیاندا لیژنەکە جێگەکانی پەترۆلیان لەگەڵ خۆیان بردەوە[١٥] بەم شێوەیە ڕۆژ بەڕۆژ بایەخی جیو ستراتیژی و ئابوری کوردستان زیادی دەکرد، لەراپۆرتێکی بریکاری فەرمانڕەوای مەدەنی ئنگلیزەکان پاش سەفەرێکیان بۆ سلێمانی و هەولێر لە٢/١٢/١٩١٩ دەڵێت:- (ئەو راپۆرتە جیولوجیانەی دەربارە ئەو دەڤەرە دێت، توانای زۆر لەوە گەورەتر وەدەردەخات کە چاوەڕوانکراو بوە)[١٦] لەدەرئەنجامی بایەخی جیو ستراتیژی و ئابوری کوردستان زلهێزان قەیرانی جیوپولوتیکیان بۆ کوردستان دروستکرد لەرێگەی دروستکردنی چەند دەوڵەتێك لەناوچەکەداو رەنگرێژکردنی سنورەکانی دەوڵەت لەسەر ئەساسی شوێنگەی ستراتیژی و بەرژەوەندیە مادیەکان (کێڵگە نەوتیەکان، بازاڕ، چاوانەی کەرەسەی خاو) کەبوە مایەی کێشانی پشتێنەیەکی ئەمنی بەدەوری کوردستان و پارچەکردنی کوردستان لەپێناو ڕێگاگرتن لەپەرەسەندنی نفوزی سوڤیەت دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی مادیەکان. بەمجۆرە جوگرافیای کوردستان لەگەڵ بایەخی جیوستراتیژی و دەوڵەمەندی و بەپیتی خاکەکەیدا بەهۆی هەڵکشانی سەرمایەدارانەی ڕۆژئاوا بەرەو ڕۆژهەڵات و لەرێگەی پرۆژەی دەوڵەتەوە پێکهاتەو هەڵکەوتە جوگرافیەکەی دەکرێتە ئاستەنگ لەبەردەم پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی کە ئەوانە خۆیان رەگەزی پێکهێنانی دەوڵەتن، واتە بەهۆی ئەو هەلومەرجە بابەتیەی مۆدێرنە لەکۆمەڵگەی ئێمەوە دەیخولقێنێت کارایی تواناو ئامادەگیە زاتیەکانی کۆمەڵگاکەمان بۆ پێکهێنانی قەوارە هێندە لاواز دەکرێن کاراییان پێچەوانە دەبێتەوە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پێکهێنانی قەوارەماندا.

ب- باری سایکۆلۆژیو بیرکردنەوەی تاکی کوردی: سروشتی شاخاویو کاریگەری جوگرافیای کوردستان مەوداکانی دەخزێنە ناو پێکهاتەی عەقڵی تاکی کوردیو بیرکردنەوەو ئهتمامات و ئاسۆی بینینی سنوردار دەکەن، ئەم حاڵەتەش تاکی کوردی توشی داخران دەکات و سەرەنجام سنوری ناوچەو دەڤەرەکان دەبنە بالاترین پنتی بیرکردنەوەو لەئاکامدا بوەتە مایەی شێوەگرتنێکی ناوەکیانەی تاکی کوردی کەحاڵەتێکی دەرونی هەڵچوو تورەبوی بۆ دروست کردوە، لەگەڵ دروست بونی گیانی ناوچەگەریو تۆڵەسەندن کە بەدرێژایی مێژوی جولانەوەی رزگاریخوازیمان زەرەرێکی ئێجگار گەورەی لێداوین، ئەم بارە سایکۆلۆژیەی تاکی کوردی کاردانەوەی خۆی هەبوە لەسەر گەلالەبونی عەقلیەتێکی کورت بین کە توانای خوێندنەوەی دیوی ناوەوەو پاڵنەرو باکگراوندی روداو گۆڕانکاریەکانی لاواز کردوە، هەر ئەمەشە وایکردوە زۆرجار لەچۆنیەتی بەکارهێنانی مەشاعرو ئیحساساتدا سنورەکان دەبەزێنێت و دەرەنجامی نیگەتیفانە بەپرسەکەمان دەدات و زەمینەو کەش و هەوای بەرهەمهێنانی هەر پرۆژەیەك لەکۆمەڵگدا لەبار دەبات. ئەگەر دڵسۆزی وەکو حاڵەتێك و بەشێك لەپێکهاتەی دەرونی وەرگرین، دەبینین کەزۆرجار بەکارهێنانی ئەم دڵسۆزیە لەدەرەوەی بازنەو شوێنی خۆیدا ساویلکەیی بەرهەم هێناوە، ئەم حاڵەتە ساویلکەیەش لەپێکهاتەی تاك و بزافەکاندا وایکردوە بەئاسانی سروشت و تەوژمو ئاڕاستەی جولانەوەکان بگۆڕێت و بەهەڵەدا ببڕێن و سەرەنجام هەل ومەرجی پێکهێنانی پێکهاتەو قەوارەکان لەدەست بدرێن لەڕێگەی فریودان و هەڵخەڵەتاندنی پێشەنگ و سەرکردەکانەوە.

ج-سیستمی دینداری لەناو کورددا

ئاین زۆرجار ئەو فاکتەرە گرنگە بوە کە قەوارەی بۆ گەلان پێکهێناوە، هەر لەعەرەب و تورکەوە بیگرە هەتا بوسنەو چاچان دەگات، بەڵام ئێمەی کورد لەم سەردەمەدا نەمانتوانیوە سودەمەند بین لێی، پێم وایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەتە ئاینزایەی کە گەیشتۆتە لای ئێمە بەتایبەت (تصوف) و (شافعی) وەکو دوو ئاینزایی فقهی و سلوکی کەرۆڵی گەورەیان بوە بۆ چۆنیەتی شێوەگرتنی پێکهاتە ناوەکیەکانی تاکەوە کە دواتر جولانەوەی تاك و کۆمەڵگا سنوردار دەکات، چونکە گەشەو شوێنگەی کوردی لەناو ژیاندا لەو ئاستە ژیانەدا نەبون کە ئەو دوو ئاینزایەی تێدا فۆرمەلە و پێکهاتون، لەبەرئەوەی مرۆڤی کورد هێشتا بەهۆی کاریگەریەکانی مێژوو جوگرافیا نەیتوانیوە ناخی خۆی تێپەڕێنێت و لەناو مەوداکانیدا بێتە دەرەوەو دابڕاو بوە لەدەرەوەی خۆی وەکو کیانێك، وە هەردوو ئاینزاکەش مرۆڤ بەناخی خۆیدا دەباتەوەو نیمچە دابڕاوی دەکات لەدەرەوەی خۆیو لەڕوی زەمەنی و سومبلی ژیانەوە مرۆڤ دەباتەوە بۆ چرکەساتەکانی دابەزینی نیگاو قۆناغی رۆنانی (تأسیس) یەکەمی قەوراەی ئیسلامی، واتە ئیسلامی لەکەسەکانەوە وەرگرتوە کە لەژینگەو کۆمەڵگەی دەرەوەی کوردی بەرهەم هاتوە نەك لەسەرچاوە سەرەکیەکانی ئیسلام (قورئان) بەتایبەت. ئیدی ئێمە کاتێك بەعەقڵی خەڵکی نەك خۆمان دینداریمان کردبێت و لەعەقڵی ئەوانە وە روانیبێتمانە ئاین، دەبێت ئایین چ رۆڵێك بگێرێت کەهێشتا ناخ و عەقڵی ئێمەی نەدواندبێت، کاتێکیش لەدوا بڕگەو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەماندا عەقل و ناخی ئێمە بەناوی ئاینەوە لەناوو بازرگانانی ئایندا دەپەستێنرێت چارەنوسی ئێمە پەیوەست دەکرێت بەوانەوەو خواش دەزانێت ئەوان بەرەو کوێ ئاڕاستە دەکرێن.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

١-سەردەم ژمارە (١٣) شوباتی ٢٠٠١ بابەتی (رەخنە لەعەقڵی زانستی) وەرگێڕانی ڕێبین هەردی.

٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣-سورەتی رعد ئایەتی (١١).

٤-أصول الفكر السياسي في القران المكي لا١٠ ٢١ د. التيجاني عبدالقادر حامد.

٥-سەردەم ژمارە (١٣) شوباتی ٢٠٠١ بابەتی (بورگن هابرماس) و ئەقڵانیەتی کومینیکا شیونخوازی وەرگێڕانی شوان ئەحمەد.

٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧-رەهەند ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٠٠ بابەتی (روشنگەری تیزێکی ئایدیولۆژی یان تێزێکی رەخنەگرانە) ڕێبین هەردی لاپەڕە (٦٩).

٨-التأزم السياسى عند العرب وسوسيولوجيا الاسلام د. محمد جابر الأنصاري.

٩- کوردستان لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچەییدا کامەران ئەحمەد محمد امین

١٠-هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٥).

١١-هەمان سەرچاوە لاپەڕە (١٧).

١٢-هەمان سەرچاوە لاپەڕە (٢٢).

١٣-دیار ە مەبەست لەشار شارێکە کە کۆمەڵگایەکی پیشەسازی پێك هێنا بێت، ئەمەش بەرزگارکردنی کۆمەڵگا دەبێت لەکاریگەریەکانی جوگرافیا کە دەبێتە مایەی پێکهێنانی سیستمێکی کۆمەڵایەتی تازەی دور لەخێڵایەتی.

١٤-کوردستان لەنێوان ململانێی نێو دەوڵەتی و ناوچەییدا کامەران ئەحمەد محمد أمین لاپەڕە (١٦٥).

١٥-هەمان سەرچاوە لاپەڕە (١٦٨).

١٦-هەمان سەرچاوە لاپەڕە (١٧٦).

(*) دیارە علمانیەت لەرۆژهەلاتدا وەکو تێزێکی رەخنەگری مەعرفی لەئاسۆی بینیندا نییەو بوەتە تێزێکی ئایدیولوژی لەرەهەندە سیاسیەکەیدا ئیختزال کراوە و هەر ئەم رەهەندەی علمانیەتە فەزایەکی خولقاندوە تیایدا مرۆڤەکان مەسخ دەکرێن لەهەموو بەهایەکی مرۆیی، بۆیە وێناکردن و رەخنەکەم لەم روانگەوەیە.

(**) عەلمانیەتی کوردیش لەدەسەلاتە سیاسیەکە پەستێنراوەو ئاوێتەی یەك بون‌و لەدەرەوەی دەسەلات فەزای عەلمانی هەستی پێ‌ناکرێت، بۆیە بۆ فراوانکردنی جوڵەو دەسەلاتی‌و بەهێزکردنی پێگە کۆمەڵایەتیەکەی‌و بەدەست خستنی شەرعیەت هەوڵی ژیاندنەوەو نەگۆڕاندنی فۆرمە ئاینیە تەقلیدیەکە دەدات.

(***) لێرەدا مەبەست کاریگەری مۆدێرنەیە لەسەر نوخبە سیاسی‌و رۆشنبیریەکە نەك کۆمەڵگا.